# خۆڕاگریی ناتوندوتیژ لە کوردستانی ئێران دوای شۆڕشی ١٩٧٩*

ئالان حەسەنیان
و: میرخان موکری، هەرمان کرماشانی

## پوخته

ئەم وتاره تیشک دەخاتە سەر گرینگیی شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران لەمەڕ بزووتنەوەی کورد لە ئێران و پێی وایە کە شۆڕشی ١٩٧٩ دەرفەت و هەروەها کێشەشی بۆ کوردەکانی ئێران ساز کردووە. بزووتنەوەی کورد لە ساڵانی پاش شۆڕش چووە ناو قۆناغێکی نوێی ئاخێزی خۆیەوە. بزووتنەوەی کورد لەگەڵ پەیدا بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتە سیاسییەکان، گەشە و فرەچەشنییەکی بێ وێنەی سەبارەت بە ئەکتەر و ڕێکخراوەکان ئەزموون کرد. کۆمەڵگای مەدەنی، بەشێوەیەکی بەهێز گەشەی سەند و بەشێکی گرینگ لە ململانێی بزووتنەوەی کورد لە بەرانبەر حکوومەتی تازە پێکهاتووی تاران لە ڕێگەی خەبات یان خۆڕاگریی ناتوندوتیژەوە بەرەنگاریی لەگەڵ کرا و بەرهەڵستی بوونەوە. پێکهێنانی شۆڕای شارەکان لە سەرانسەری کوردستان، یەکەمین کردەوەی بەرهەڵستکارانەی گرینگی دەسەڵاتی کاتیی حکوومەتی شۆڕشی (ئینقلابی) بوو و لە حاڵێکدا جێگیرکردن و جووڵەپێدانی خەبات و خۆڕاگریی ناتوندوتیژیی گشتی، فۆرمێکی نوێی لە خۆڕاگری لە بەرانبەر سیاسەتگەلی پاوانخوازانەی حکوومەت لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ لە کوردستان هێنایە ئاراوە.

## وشە سەرەکییەکان

شۆڕشی ئێران، بزووتنەوەی کوردی، حدکا[١]، کۆمەڵە، ناتوندوتیژ.

*شێخ عێزەدین حسەینی[٢]: "ئێمە لە کوردستان دەزانین کە شەڕ بە قازانجمان نییە، ئەگەرچی دوژمنەکەمانە کە بڕیار دەدا شێوازی خەباتی ئێمە چۆن بێت"*
*(تهران مصور 1979f، 36-37)*

## دەستپێک

لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٧٩، ئێران گۆڕەپانی پێکدادانی گرووپ و کۆمەڵە جیاوازەکان بوو و هەر کام لەو گرووپانە بەرژەوەندیی لێکدژیان هەبوو. ئەم بارودۆخە، هەلێکی لەباری بۆ دەرکەوتنی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە وڵاتدا پێکهێنا. لێکۆڵینەوە لەسەر سەردەمی شۆڕش و کاریگەرییەکانی ئەم شۆڕشە لەسەر شوناسی نەتەوەییی نەتەوە نافارسەکان (وەکووکورد، عەرەب، تورکمەن و بەلووچەکان و هتد...) لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەییەوە پێشاندەری ئەوەیە کە شۆڕش هەلێکی ڕەخساندووە تا گرووپە ژێردەستەکان، لە بەرانبەر چەندین دەیە سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوازیدانانیان و بێبەش کردنی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە لایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە، دژایەتیی بەهێزی خۆیان دەربخەن. ئەم گرووپە ژێردەستە نەتەوەییانە[٣] دوابەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی، داخوازییەکانی خۆیانیان تا ئاستی ئۆتۆنۆمیی سیاسی و کەلتووری بەرزکردەوە (Sharifi 2013)، هەروەک ڕۆژنامەیەکی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩دا ئاماژەی پێ کردووە: "شۆڕش خەڵکانی سەرکوتکراوی لەخەو هەڵستاند" (Tehran Musavvar 1979e, pp.30-32).

نەتەوە نافارسەکان، شۆڕشیان وەکوو دەرفەتێک بۆ وەجووڵەخستنی نارەزایەتییەکانی خۆیان و داخوازییەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی دەبینی. خەڵکی خووزستان لە باشووری ڕۆژئاوا، کوردستان لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا و تورکەمەن سەحرا لە باکووری ڕۆژهەڵات، شۆڕشیان بە شێوازێکی جیاواز لە زۆرینەی فارس ئەزموون دەکرد. خواستی ئۆتۆنۆمیی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی و کەلتووریی ئەم نەتەوانە، بەخێرایی خەڵکی ئەم ناوچانەی لە بەرانبەر دەسەڵاتی کاتیی شۆڕش لە تاران دانا.[٤] چوونەسەری خێرا و بەرچاوی چالاکیی سیاسیی ئەم نەتەوە ژێردەستانە، وەکوو ململانێیەکی گرینگ

بۆ دەســـەڵاتی ئێلیتی حوکمــڕان لە تاران هاتە بەرچاو (Elling 2013, 45-6). ڕێژیمی ئیسلامی، کە بە دەسەڵاتی ڕەهای ئایەتوڵڵا خومەینی خۆی خســـتە بەرچـــاو، هەر زوو هەموو بوارێکی بۆ چالاکیی سیاسی دژبەران لەناوبـــرد و بووە دەســـپێکێک بـــۆ تیرۆری دەوڵەتیی پاش شۆڕش.(Ghamari-Tabrizi 2016, 8).

بـــە لەبەرچاوگرتنـــی کـــوردەکان و بزووتنـــەوە ئازادیخوازییەکەیـــان، هەر بەو جۆرەی لەم وتارەشـــدا ئامـــاژەی پێ کراوە، شۆڕش دەرفەتێکی باشـــی بۆ بزووتنەوەی کـــورد پێکهێنا. بزووتنەوەی کـــورد، توانی کۆمەڵگای کـــوردی بەجۆرێک ڕێک بخات کە هاوشێوەکەی تەنیا لەسەردەمی کۆماری کوردســـتان لـــە کۆتاییەکانـــی ١٩٤٦دا[٥] دیترابـــوو (Elling 2013, 45). شـــۆڕش دەرفەتگەلێکـــی باشـــی بـــۆ بزووتنـــەوەی کـــوردی هـــاوکات لەگـــەڵ ســـاز کردنی پێکهاتەگەلی نوێ لە بواری سیاسی، فەزایی و ســـەرچاوەکان پێکهێنا(Romano 2006, 109). دەبـــێ ئاماژە بکرێ کاتێک دەگوترێ شۆڕش دەرفەتگەلی زۆری بەپێی دۆخی نوێ هێناوەتە ئـــاراوە، نابێت گرینگیی ئەزموونی سێ دەیەی پێشـــووتری کۆمەڵگای کوردی لەبەر چاونەگرین(Faltis 2014; Khosravi, Aghapouri and Hamehmorad 2016).
یەکێک لە لێکدانەوە لاوەکییەکان بۆ هۆکاری خێراییـــی لە وەجووڵەخســـتنی کۆمەڵگای مەدەنیـــی کورد لە ئێران، باس لەوە دەکات کـــە بزووتنـــەوەی کوردی بە شـــێوەیەکی بەهێز میراتی دۆخەکانـــی ڕابردووی خۆی بـــووە. بزووتنـــەوەی ئۆتونۆمیخواز لە پاش شۆڕشی ئێران بە شەوێک و بەسادەیی پێک نەهاتبـــوو: بەرەوپێشـــچوونە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکان و ڕووداوەکانی نێوان کۆماری کوردستان و شۆڕش، کاریگەرییەکی وەهای دانابوو کە دواتر لە ڕوانین و هەڵسووکەوتی کورد لەگەڵ حکوومەتی "پاش شۆڕشـــدا" ڕەنگی دایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران (حدکا) لە ســـاڵی ١٩٤٥ لە مهاباد دامەزرا کە تا ئەمڕۆش گەورەترین هێزی سیاســـی و ســـەربازیی کوردە لـــە ئێراندا، ئەم حیزبە دوابـــەدوای ڕووخانی کۆمـــار، چەندین جار هەوڵی بۆ زیندووکردنەوەی خەباتی سیاسی و نیزامیی خۆی دا کە ئەم هەوڵانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە سەرکوتکردن پێشیان پێ گیرا. کۆمیتەی ئینقلابیی حدکا، لە حەوت کەس پێکهاتوو کە ســـمایل شەریفزادەوە یەکێک لەو حەوت کەسە بوو، لە هاوینی ١٩٦٦ لە نزیک ئالانی سەردەشت ڕاگەیەندرا(Kaveh, 1996, pp. 151-152) . کۆمیتەی ئینقلابی لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ بۆ پێکهێنانی خەباتێکی چالاکانەی سیاســـی و چەکداری لە کوردستانی ئێراندا هەوڵی دا کە ئەم بزاڤە یەکێک لە دیارترین ڕووداوە سیاسییەکانی ئـــەو ســـەردەمە بوو. لـــە ماوەی ســـاڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ ناوچەکانی کوردستانی ئێران وەکوو: ســـەقز، بانە، سەردەشـــت، بۆکان و پیرانشار، گۆڕەپانی چالاکییە سیاسییەکانی شـــەریفزادە و هاوڕێکانی بـــوون (Kaveh 1996, 170-73)، بەڵام کۆمیتەی ئینقلابی، سەرەڕای کەمبوونی پشتیوانییەکی خەڵکی و نەبوونی ناوچەیەکـــی پارێزراو کە بتوانن لەوێوە ڕێبەریـــی چالاکییەکانیان بکەن، بە تەریکی مایـــەوە. دوای تێپەڕینی ١٨ مانگ و دوابەدوای شـــەهیدبوونی شـــەریفزادە و بەشـــێک لە هاوڕێیانی لـــە ئاواییەکی بانە لەلایەن هێزی نیزامیی ئێرانەوە، کۆمیتەی ئینقلابی چالاکییەکانی لە ســـاڵی ١٩٦٨دا کۆتایی پـــێ هـــات و ئەندامەکانی دیکەی کۆمیتە، بەهۆکاری دیکە گیانیان لەدەست دا و پـــاش نەمانـــی ڕێبەرایەتی، کۆمیتەی ئینقلابیش بە تـــەواوی لەناوچوو (Hisami 1971, 91).

سەرەڕای تەمەنی کورتی کۆمیتەی ئینقلابی و هەروەها سەرکەوتوو نەبوونی لە پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی چالاک، بەڵام کۆمیتە، گرینگترین و کاریگەرترین دیاردەی سالانی کۆتایی ١٩٦٠ لە کوردستانی ئێراندا بوو (Moradbeigi 2004, 28). دوابەدوای کۆتاییهاتنی کۆمیتەی ئینقلابی، ڕووناکبیرانی سیاسیی چالاکی کورد بۆ زیندووکردنەوەی جووڵانەوە لە ڕێگەی پێکهێنانی شانەی نهێنی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران هەوڵیان دا. هاوکات لە نێوان سالانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٧٠ پرۆسەی بەسیاسی کردنی شوناسی نەتەوەیی و کەلتووری، گۆڕانێکی دیکەی لە کۆمەڵگای کوردیدا پێکهێنا. ئەم گۆڕانە لە ڕێگای وشیاریی چینایەتی بەتایبەت لە ناو وەرزێرانی بێ زەویدا دەبیندرا و ناوەناوە ئاخێزێک لە ناو وەرزێرانی بێ زەویدا لە سەرانسەری کوردستان ڕوویدەدا(Gelawj 1983; Hassaniyan 2019a).

## چوارچێوەی تیۆریک و سەرچاوە ماددییەکان

خوێندنەوەیەکی پوخت لە مێژووی کورتخایەنی سەردەمی "پاش شۆڕش" لە کوردستاندا ڕووانینێکمان بۆ تێگەیشتن لە کردار و کارلێکی گرووپە جیاوازەکان لەو ماوە مێژووییە گرینگەدا بۆ ساز دەکات. بە بۆچوونی تیلی، شیکردنەوەی مێژوویییانە گرینگیی خۆی هەیە بۆ پێکهێنانی مۆدێلێکی گونجاو لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هێز. کردەوەی بە کۆمەڵ، مشتومڕ و خەباتکردن بۆ دەسەڵاتی سیاسی وەها دەردەکەوێت کە زیاترین کاریگەریان لەسەر ماددە خاوەکانی مێژوو هەیە (١٩٧٨, ٢-٢٣١).

تێکەڵێک لە سەرچاوە سەرەتاییەکان، وەکوو بەڵگە ئەرشیف کراوەکان و نووسینە تاکەکەسییەکان و گێڕانەوەی کەسەکان لەبارەی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ سەرچاوە دووهەمییەکان کە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە لە بزووتنەوەی ئێران و کوردستانی ئێران لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، لەم وتارەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ ئەرشیفە تایبەتەکانی سەرچاوە سەرەتاییەکان، کەڵک لە ئەرشیفەکانی بێهزاد خۆشحاڵی[٦] و کۆلێکسیۆنی ڕۆژنامەی نەشریە لە زانکۆی مانچێستێر وەرگیراوە[٧].

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ڕەهەندی کردەیی لە مەک ئادام[٨]، تارۆو[٩] و بۆچوونی تیلی[١٠] سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کەڵکی وەرگرتووە. بۆچوونی ئەو بیرمەندانە سەبارەت بە بزووتنەوەکان دیاردەگەلی جیاوازی کۆمەڵایەتی وەکوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، شۆڕش، ناسیونالیزم و دیموکراتیزاسیۆن لە ۆۆدەگرێ(James, 2019; McAdam, Mc-Carthy, & Zald, 1996, p. 4).

بە پشتبەستن بە پێکهاتەی بزووتنەوەی کوردی و ئەو ململانێ پەیتاپەیتایەی کە ئەم بزووتنەوەیە بەسەر ڕێژیمەکانی ئێرانی سەپاندووە، دەتوانین بزووتنەوە لە چوارچێوەیەکی مشتومڕی نەتەوەخوازانەدا پۆلێنبەندی بکەین، کە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ پشتیوانی لە داخوازیی دێموکراتیزەکردنی ئێرانی، وەک ڕێگەچارەیەک بۆ پرسی کورد و پرسە نەتەوەییەکانی تر لە ئێراندا، کردووە(Entessar, 1992).

هاوکات دەکرێت تیۆرییەکانی خۆڕاگریی ناتوندوتیژ یان بەرەنگاریی مەدەنی، لەسەر کۆمەڵگای کوردی لە ماوەی پۆست_شۆڕشدا جێبەجێ بکرێت. ڕۆبێرتس، بەرەنگاریی مەدەنی بە "هێزی خەڵک" پێناسە دەکات کە جووڵانەوە مەدەنییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرتاسەری جیهان، بە بەکارهێنانی شێوازە ناتوندوتیژەکانی بەرەنگاری و هاوبەشی نەکردن، توانیویانە لە سیاسەتی

جیهانیدا جێی بکەنەوە. بۆچوونی تیۆریکی تیلی (١٩٧٨) سەبارەت بە کردەوەی گشتی بە "داینالیک ستەیتیزم" ناسراوە و دەپەرژێتە سەر ئەوەی کە چلۆن گۆڕینی دۆخەکان، دەرفەتی کردەوەی بەکۆمەڵ بەرهەم دێنێت یان دیسان بەرهەم دێنێتەوە. ئەم بۆچوونە ئیزن بە ئێمە دەدات تاکوو دەرفەتی سیاسی بۆ بکەر و بەشە جیاوازەکان ڕوون بکرێتەوە و چاومان لە ڕەوتی گۆڕانەکان لە بەستێنی کاتدا ببێ و دەتوانین توێژینەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخەینە قەبارەیەکی سەرو نەتەوەییەوە (McAdam et al., 1996, pp. 45-46).. بە بۆچوونی مەک ئادام بزووتنەوەگەلی کۆمەڵایەتی و شۆڕشەکان بەپێی سنووری سیاسییەکان و دەرفەتە تایبەتەکان کە لە بەستێنە نەتەوەییەکەیاندا هەیە شکڵ دەگرێ (1996, pp. 2-3). هەر چەشنە فاکتەرێکی ژینگەیی کە کارئاسانی بۆ چالاکیی بزووتنەوەیەک دەکات، دەکرێ وەکوو دەرفەتێکی سیاسی چەمکبەندی بکرێ (Bhat, 2019; Tolba, 2018). تیوریگەلی ناتوندوتیژ و خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی، دەتوانرێ بۆ کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان لە چوارچێوەی کردەوەی بە کۆمەڵ لە سەردەمی پاش شۆڕش بەکار بهێنرێ. بە بۆچوونی ڕۆبێرتس، خۆڕاگریی مەدەنی "هێزی خەڵکە"، کە لەو چوارچێوەیەدا بزووتنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرانسەری جیهاندا کەڵک لە میتۆدگەلی ناتوندوتیژ بۆ نارەزایەتی، هاندان و ڕازی کردن و هاوکاری نەکردن وەردەگرن(2009, pp. 1-20).

ڕۆبێرتس، خۆڕاگریی مەدەنی وەکوو چەشنێک لە کرداری سیاسی پێناسە دەکات کە پشتئەستوورە بە شێوازە ناتوندوتیژەکان و بوارێکی فراوان و بەردەوامی چالاکییەکان دەگرێتەوە کە بەرهەڵستی هێزێک، سیاسەتێک، دەسەڵاتێک یان ڕێژیمێکی دیاریکراو دەبێتەوە و وەکوو خۆڕاگری پێناسە دەکرێت. هەربۆیەش ئاوەڵناو(سیفەت)ی مەدەنی لەم دەستەواژە لێکدراوەدا(خۆڕاگریی مەدەنی) دەگەڕێتەوە بۆ شارۆمەندان و کۆمەڵگا، کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئامانجی بزووتنەوە، بڵاوبوونەوەیە لە کۆمەڵگەدا و هاوکات ئەو خاڵەش بە دەستەوە دەدات کە ئەم چەشنە چالاکییانە، تایبەتمەندیی ناسەربازی و ناتوندوتیژبوونیان هەیە(2009, pp. 1-20)..

ئەم وتارە، ئاماژە بە کارلێککردنە دژیەکەکانی نێوان کوردەکان و تاران لە ماوەی کورتی سەردەمی پاش شۆڕش دەدات؛ هاوکات تیشک دەخاتە سەر بەشێک لە چالاکییە گرینگەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردی، بە ئامانجی داخوازیی ئاشتییانەی ئۆتۆنۆمیی سیاسی و کەلتووری و هاوکات خۆڕاگری لە بەرانبەر هەوڵەکانی حکوومەتی نوێ لە مەڕ پێکهێنانی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆی.

بە بۆچوونی ئەم وتارە هۆکاری بەردەوامیی پرسی کورد لە ئێراندا، بەرهەمی مشتومڕی نێوان کوردەکان و تاران لە سەردەمی "پاش شۆڕش" بووە. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوەکەی هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ناتوندوتیژ و چالاکیی جەماوەری (کردەوەی بەکۆمەڵ) ـەوە، بەرەنگاری سانتراڵیزەکردنی هێز (کانگایی کردنی هێز) و هەروەها جێگیری و سەقامگیریی دەسەڵاتێکی پاوانخواز ببنەوە، حکوومەت بەردەوام بۆ بەرەنگاریی خۆڕاگریی کوردەکان هێزی بەکارهێناوە.

## سیاسەتی کوردانی ئێران لە ماوەی "پاش شۆڕش"دا

یەکێک لە گەورەترین دەرفەتە ڕەخساوەکان بۆ بزووتنەوەی کورد لە لایەن شۆڕشەوە، بریتی بوو لە کۆتاییهاتن بە سێ دەیە تاراندن

یـــان تەبعیدی نەتەوەخـــوازان[۱۱]. تاراندنی کوردەکان بـــۆ دەرەوە، ئاکامی ســـەپاندنی حاڵەتی بێ تۆلێرانســـی محەممەدڕەزا شای پەهلەوی لـــە بەرانبەر چالاکانی سیاســـی و کەلتـــووری، پـــاش ڕووخانـــی کۆمـــاری کوردستان بوو. لەگەڵ گەڕانەوەی ڕێبەران و ئەندامانی حدکا چەند مانگ پێش شۆڕش و دەســـپێکی قۆناغێکی نوێـــی بزووتنەوەی حدکا لەمەڕ وەجووڵەخستن لە چوارچێوەی کارلێککردنـــی نزیـــک لەگـــەڵ کۆمەڵگای مەدەنی دەستی پێ کرد و سێ دەیە تاراندن دوور خســـتنەوە کۆتایی پێ هات (Has-saniyan, 2019b; Vali, 2016).“ میتینگی گەورەی“مهاباد کە لە ١ی مارسی ١٩٧٩دا پێک هات، یەکەمین ڕووداوی گرینگی کە دوای گەڕانـــەوەی ڕێبەرایەتیـــی حدکا لە تاراوگە بوو. لـــەم میتینگەدا ڕێبەری حدکا ”عەبدولڕەحمان قاسملوو“، چالاکیی فەرمی و ئاشکرای حدکای دوای سێ دەیە خەباتی نهێنی و خەبات لە تاراوگە، ڕاگەیاند.

دوکتۆر قاسملوو لە بەرچاوی ڕۆژنامەوانە ئێرانی و جیهانییەکاندا دەپەرژێتە سەرئەوەی کە ”ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا بەبێ دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی بۆ خەڵکی کورد بـــەدی نایەت. هەروەها خەباتی کورد هیچ دەســـکەوتێکی نابێت بەبێ ئازادی لە ئێرانـــدا“(Ettelaat 3 March, 1979, see, Khoshhali, 2008a, p. 3; Mohséni, 2018, p. 225) ، هـــاوکات ڕاگەیاندنـــی چالاکیی کۆمەڵەی شۆڕشـــگێڕی زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان لە ١٥ی فێوریەی [١٢] ١٩٧٩، وای کـــرد کە بۆ یەکەمین جار بزووتنەوەی کوردی لـــە ئێرانـــدا، فرەچەشـــنییەک لە بکەرەکان و ڕێکخراوەکانیدا ئەزموون بکات، بۆچوونی کۆمەڵە بۆ سیاســـەت و کۆمەڵگای کـــوردی، بەتەواوی جیاوازبوو لەگەڵ حدکا؛ کە تا ئەوکاتە تاقە حیزبی کوردی لە ئێراندا بوو(Mofidi, 2016, pp. 30-31).

ســـەرەڕای کاریگەریی میراتی مێژوویی لەسەر بزووتنەوەی کوردی، هاوکات ڕووداو و پێشـــهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمە کاریگەرییان لەســـەر بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا هەبوو. بزووتنەوەی کوردی سەردەمی ”پاش شـــۆڕش“ خۆی بەســـەرچاوەگرتوو لـــە خۆڕاگریـــی ناتوندوتیژیـــی گشـــتی و کەمپەینەکانی نافەرمانیی مەدەنی پێناســـە دەکات کە بەشـــە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی تێیدا بەشداربوون. ئەم چالاکییانە بە دوو هۆکار ئەنجام دەدران. یەکەم: بەرەنگاری لە بەرانبەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، دووهەم: بەرەنگاری لەمەڕ قایلکردنـــی ڕێژیم بـــۆ بەفەرمی ناســـینی ”شـــۆرا“ هەڵبژێردراوەکانی شارەکان کە لە شارە جیاوازەکانی کوردستاندا پێکهاتبوون.

پێکهێنانی شـــۆراکانی شـــار، یەکەمین هەنـــگاوی کردەیـــی بـــۆ دروســـتکردنی سیســـتەمێکی دێموکراتیکـــی ئاڵتێرناتیڤ بۆ حکوومـــەت بوو، کە لەڕێی بەخشـــینی دەســـەڵات بـــە نوێنـــەرە خۆجێییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شـــارەکانی خۆیـــان و دەوروبەرەکانیـــان پێکهاتبـــوو(Golperiyan, 2014, p. 25). بەرزیـــی ئاســـتی هاوکاریـــی نێـــوان ئەندامە جیاوازەکانی شـــۆرا کـــە هەڵگری ئیدۆلۆژیـــی جیاوازبوون، ئـــەو دڵنیاییەی بەخشـــییە شـــۆراکان کە وەکوو مۆدێلێکی بـــێ وێنە بۆ بەڕێوەبردنی شـــارەکان[١٣] فام دەکرا(Ardelan, 2015).

گۆڕانـــی خێـــرای خەباتی کـــوردەکان بـــۆ بزووتنەوەیەکـــی چـــالاک و گشـــتی، بەشـــێکی بۆ لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی لە کۆتاییەکانی دەســـەڵاتی شـــا و سەرەتای شۆڕشـــدا دەگەڕێتـــەوە (بڕوانـــە Keddie, 2003, pp. 249-256)، ئەم لاوازییە دەرفەتی بۆ کـــوردەکان ڕەخســـاند تـــا نارەزاییەتی و داخوازییەکانیـــان بـــە شـــێوازێکی تەواو

سیاسییانە پێشان بدەن واتە داخوازییەکانیان بە سیاسی کردەوە. گەڕانەوەی حدکا و هاتنی کۆمەڵە بۆ نێو مەیدانەکە، هاوکات ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوو لە سەرلەنوێ وەجووڵەخستنی بزووتنەوەی کوردیدا. لەم سەردەمەدا کۆمەڵگای کوردی لە ئاستێکی بەرزی سیاسیدا بوو و بزووتنەوەی کوردی بووە خاوەنی ئەندامگەلێک کە وەفادارییەکی بەهێزیان هەبوو. تێکەڵبوونی خەڵکی کورد لە چالاکییە ناتوندوتیژەکاندا نیشان لە ڕەزامەندی و پێخۆشبوونی گشتی، هەڵسوکەوتی ئالیکارییانە، ڕێڕەوی سیاسی و وەفادارییان بۆ بزووتنەوەی کورد بوو.

ئێنتێسار سەبارەت بە بەشداریی کوردەکان لە شۆڕشدا، بەم شێوەیە دەنووسێت: "کوردەکانی ئێران بەشێکی بنەڕەتیی ئەم خەباتەیان پێکهێنا و ئەوان هەوڵێکی زۆریان بۆ بە فەرمی ناسینی مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوورییەکانیان لە بەستێنێکی پان و بەریندا بۆ دێموکراتیزەکردن و دیسانتراڵیزەکردنی ئێران داوە"(2014, p. 211).

پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کورد و ڕێژیم لەدوای شۆڕش ئاڵۆز بوو و چوار دەیە ناکۆکیی لێ کەوتەوە. بە دووپات کردنەوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی پەهلەوی لە لایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە، لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکان لە ئێران، بوو بەهۆی پێکهێنانی نارەزایەتی و دڵساردی لە نێو نەتەوە نافارس و کۆمەڵە ئایینییە ناشیعییەکان(Elling, 2013). بەرزکردنەوەی گوتاری خودموختاریخوازی لە لایەن بزووتنەوەی کوردییەوە، کاردانەوەیەکی توندی لە لایەن خومەینی و بازنەی دەوروبەرییەوە بوو بەجۆرێک کە بزووتنەوەی کوردیان بە پیلانێکی دژەشۆڕش ناو برد کە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن (Shams, 2006, pp.158-160). تەنیا مانگێک دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا و بەهۆی سیاسەتی سەربازیی ڕێژیم، کوردستان بوو بە ناوچەی شەڕ. وێنەی وێنەگران کە هاوشان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان لە کوردستان بوون، لێپاولێپن لە وێنەی مەتەرێز، چەک، ئامبوولانس و جەستەی بریندار و بێ گیانەکان. بەرپرسی زۆرێک لە تەقەکردنەکان ئەرتەش بوو، هەر وەک لە "تاران موسەووەر"دا هاتبوو: "هەزارن هاوەن و بۆمبی دەنگی و دەلاقەی شکاو، نەورۆزانەی ئەرتەشی ئێران بۆ خەڵکی کوردستان بوو"(1979b, pp. 12-13).

## شۆڕش لە ئێران، شەڕ لە کوردستان

لەماوەی چوار دەیەی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران، ویستی کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمی، وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران چاوی لێ کراوە، هاوکات ئیدئۆلۆژیی سێکۆلاری بزووتنەوەی کورد، هۆی پێکدادن لەگەڵ حکوومەت بووە. بزووتنەوەی کورد لە سەرەتادا وەکوو بزووتنەوەیەکی بەرگریکار جومگەبەندی دەکرێ، تاکوو پێشان بدەن کە سەرهەڵدانی سەربازیی کورد دیاردەیەکی سەپێندراو لەلایەن حکوومەتەوەیە و کوردەکان جگە لە بەرگریکردن، هیچ بژاردەیەکیان لەلایەن حکوومەتەوە بۆ نەماوەتەوە. ئەم بۆچوونە لە جومگەبەندیی خواستی ڕێبەرانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە و لە کردەوەکانیشیاندا بیندراوە. بۆ وێنە شێخ عێزەددین حسێنی دەڵێت:

"شەڕ لە کوردستاندا لەلایەن دەوڵەتەوە هەڵگیرسێنرا. کاتێک ئەوان هێرشیان کردە سەر ئێمە، تاکە شتێک ئێمە کردمان بەرگریکردن لە خۆمان بوو، خەڵکانێک کە خوازیاری مافی دیاریکردنی چارەنووسن و کەمینەن، هیچکاتێک خوازیاری شەڕ نین، چونکە ئەوان دەزانن لایەنی بەرانبەریان

لەباری سەربازییەوە لەوان بەهێزترە. ئەوە ئەو بابەتەیە ئێمە ئەنجامماندا و بیرمان لێ کردەوە" (BBC Hardtalk, 2015).

شۆڕش، دوو پێشهاتی بنەڕەتیی بۆ کوردەکان لەگەڵ خۆیدا هێنا. یەکەم: دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردی، دووهەم: گۆڕینی کوردستان بە گۆڕەپانی شەڕی نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندی؛ کە سەرکەوتن، بوو بە ئامانجێکی زۆر گرینگ بۆ ڕێژیمی تازە، بەو مەبەستەی کە دەسەڵاتی خۆی پتەو بکات. کوردەکان گۆڕینی ڕێژیمیان وەکوو دەرفەتێکی بێ هاوتا دەدیت بۆ هەنگاونان بەرەو وەدیهێنانی خەونی مافی دیاریکردنی چارەنووس. هەروەک ئێنتێسار نووسیبووی: "سروشتییە کە دوای ساڵانێک لە سەرکوتی ڕێژیمی شا، کوردەکان پاڵپشتیی شۆڕشی ئێران ١٩٧٨١٩٧٩- بکەن، هەربۆیەش لە دەستپێکدا بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی کورد لە پرۆسەی شۆڕشدا بەشدار بوون" (2009, pp. 34-35).). بە هەبوونی ویستێکی لەم شێوەیە بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە کاتی شۆڕش و دوای ئەویش، کوردەکان خۆیان بۆ خۆبەڕێوەبەری ڕێکخستبوو. ئەکتەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردی، ڕێکخراوە خۆجێییەکان و حیزبە سیاسییەکان، بە هەڵبژاردنی شوڕای شارەکان، یەکەمین هەنگاویان بۆ خۆبەڕێوەبەری هەڵهێنایەوە. دامەزراندنی ڕێکخراوە خۆجێییەکان و یەکیەتییەکان وەکوو: یەکیەتیی بێکاران لە بانە، یەکیەتیی ماموستایان لە مەریوان، یەکیەتیی نانەواکان لە سەقز و هەروەها بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد لە سەقز(Khoshpeyam, 2019; Moštafa Sultani & Watan-dušt, 2015)، پێشاندەری ویستی خەڵکی مەدەنی بوو، بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کوردستانی سەردەمی "پاش شۆڕش"دا لەڕێگا ئاشتیخوازانە و کۆمەڵگاتەوەرەکان. ئەم ئاڵوگۆڕانە هەلومەرجێکی نوێی لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیمدا پێکهێنا، دەرفەتی نوێ هاتنەئاراوە کە لەگەڵ چوونەسەری ئاستی بەسیاسیبوونی کۆمەڵگای کوردیدا ئاوێتە ببوو کە ئەوەش تایبەتمەندیگەلێکی دیاریکراوی بە شۆڕش لە کوردستان بەخشی. لەماوەی شۆڕشدا چەندەها ڕێکخراوەی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتن، ڕێکخراوی دێموکراتیکی کوردستان، کۆمیتەی ژنانی مەریوان، یەکیەتیی خوێندکاران، یەکیەتیی کرێکارانی بێکار، کۆمەڵگای ژنانی چەکدار لە سەقز و دامەزراوەکانی دیکەش پێکەوە کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکرد(Moradbeigi, 2004, pp. 210-238). بۆ وێنە ئامانجی ژنانی چەکداری سەقز، نەهێشتنی نایەکسانیی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی ژنان بەدەستی پیاوان بوو. ئەم ڕێکخراوەیە هەوڵی دەدا بۆ دابینکردنی ئەو بابەتەی کە بە "تایبەتمەندیی ڕەگەزی" ناسراوە و بەرژەوەندییەکان بۆ ژنی کورد لەبەرچاو دەگرێت و بۆ وێنە بردنەسەرێی ئاستی خۆشبژێوی و دۆخی کارکردنی ژنی کوردی لە خۆدەگرت (Entessar, 1984, p. 931).

چالاکیی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردی، بوو بە هۆی سەرنجراکێشانی ڕووناکبیری ئێرانی، بۆ وێنە "شوکروڵڵا پاکنەژاد" دەڵێت: "من پێموایە کە دڵی شۆڕشی ئێران لە کوردستاندا لێدەدات، لەبەرئەوەی کوردستان بۆتە سەنگەر و بەندەری دێموکراسی لە ئێران" (بروانن: Moštafa Sultani, 2006, p. 241).

کوردستان ڕێبەری بوارێکی فراوانی چالاکییە ناتوندوتیژەکانی دەکرد، بۆ وێنە چۆڵکردنی شاری مەریوان کە ئەم کردەوەیە بە کۆچی مێژوویی مەریوان ناسراوە و

له درێــژەدا باســی دەکرێت. کــوردەکان داخوازییەکانــی خۆیــان لــە چوارچێوەی چەمکگەلــی وەکــوو خودموختــاری بــۆ کوردستان و دێموکراسی و سێکۆلاریزم بۆ ئێران له چوارچێوەی سیســتەمی سیاسیی نوێدا دەخستەڕوو. هەروەک شێخ عێزەدینی حسێنی ئاماژەی پێ کردووە: "لەم سەردەممەدا ئێمە پێویستمان بەحکوومەتێکە کە بتوانێت گوێ لە خەڵــک بگرێت، ئەگەر حکوومەتی نوێ ئەم داخوازییــە لەبەرچاو نەگرێت ئەوا سیستەمێکی نوێی "خەفەقان"بەسەر وڵاتدا زاڵ دەبــێ"(Tehran Musavvar, 1979c, p.31).

بزووتنــەوەی ناتوندوتیــژی کۆمەڵگای کوردی، ڕووبەڕووی وڵامێکی توندی ڕێژیمی نوێ بوویەوە. لــە کاتێکدا کە لە ماوەیەکی کــورت دوای دامەزراندنــی حکوومەتــی ئیســلامی، دەســەڵات توانــی زۆرینــەی وڵات بخاتــە ژێر کۆنترۆڵــی خۆیەوە، بەڵام کوردستان هێشتا جیاوازبوو(Kreyenbroek & Sperl, 2010, p. 150). لــە کوردســتان ڕێژیم هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دەدا و کۆنترۆڵی بارودۆخی کوردستان، ببوو بە ئەرکێکی ســیمبۆلیک و ســتراتێژیک، ســەرەڕای لێکەوتەکانی لەسەر دەسەڵاتی ڕێژیــم لە شــوێنەکانی تری ئێــران. ترس لەوەی کوردســتان ببێت بە سەرچاوەیەکی خورپەبەخش و شوێنێکی ئارام بۆ گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن (Saheb, 2017))، هاندەربوو تا ڕێژیم دەســتبەجێ و بە توندی، دژکردەوە پێشــان بدات. لە هەفتە و مانگەکانی دوای شۆڕش، کوردستان بەهۆی ڕووداوگەلێکەوە شــڵەژا کە نموونەیان لە بەشەکانی دیکەی وڵات نەبینرابوو.

دوابــەدوای شــۆڕش خومەینی ببوو بە سیمبۆلی زۆرێک لە گرووپە شۆڕشگێڕەکان لــە تاران، بــەڵام لە کوردســتاندا خاوەنی پێگەیەکی لەمجــۆرە نەبوو و لەگەڵ بەڵێنە خۆشەکانی کە بە کوردستانی دابوو، پاڵپشتیی ووردەکانی بەدەســت نەهێنــا ((Abrahamian, 1993, p. 3 و ویژمانی پۆپۆلیســتیی خومەینی نەیتوانی ســەرنجی پشــتیوانیی کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. خومەینی خەونی بە پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسیی نوێوە دەبینی کە لەگەڵ خواستەکانی کورد ناکۆک بوو، شێخ عێزەدین حسێنی، وڵامی بۆچوونــی پاوانخوازانــەی خومەینی داوە و گوتــی: "خەڵکی قەیوومیــان ناوێت " واتە ئەڵکی سەرپەرشــتیاریان ناوێ (Khoshhali, 2008c, p. 31).

له ســەرەتای دەســپێکردنی شۆڕش، هاوبەشــییەکی بچووک لــە نێوان هۆکاری بەشداریی کوردەکان لە شۆڕش و هەروەها ئامانجەکانــی خومەینی و پشــتیوانەکانی بۆ شــۆڕش هەبــوو. بە گوێــرەی وتەکانی ســەیدی(٢١٠٨): "کوردەکان لە شۆڕشدا بەشــدارییان کرد بەڵام ئەوان پشتیوانییان لە ئاڵتێرناتیڤێکی ئیسلامی بۆ جێگرتنەوەی ســەڵتەنەت نەدەکرد و بۆ کوردەکان پرسە نەتەوەیــی و چینایەتییــەکان، هــۆکاری بنەماییــی هاندەریان بۆ بەشــداربوونیان لە شۆڕشدا بوو."

پەیوەندییــە پــڕ لــە مشــتومڕەکانی بزووتنەوەی کورد و ڕێژیمی ئیسلامی، ئاکامی پێشهاتگەلێکی خوێناوی لە کوردستاندا بوو (Tehran Musavvar, 1979a, p. 16)، لــە ماوەی ئاڵۆزیی "پاش شۆڕش"دا، پێکدادانی ئێتنیکی و فیرقەیی لە کوردســتاندا ڕوویدا کە لــە شــارەکانی کوردســتان شــەڕ و کۆمەڵکوژیی بەدوای خۆیدا هێنا، لە نەغەدە و ورمێ کە پێکهاتەی دێموگرافییەکەی لە کورد و ئازەری پێکدێــت، گرووپە ئازەرییە بناژۆخوازەکان بە ڕێبەریی مەلا حەســەنی (مەلایەکی ئازەری کۆنزێرڤاتیڤ) و یارمەتیی ئەرتەشــی ئێران، کۆمەڵکوژییــان لە دژی ئەڵکــی مەدەنیی کورد ئەنجامدا (Khosh-

hali, 2008f, p. 6; Mohséni, 2018, pp. 217-232).

کوردستان بوو بە ئامانجی هێرشێکی قورسی ئەرتەشێکی پۆشتە، ئەرتەشی ئێران کە لەوەپێش و لە کاتی شۆڕشدا، سەرچاوەی سەرەکیی سەرکوت و دژبەری گرووپە شۆڕشگێڕەکان بوو، بە شەوێک بوو بە هێزێکی کاریگەر بە دەستی حکوومەتی ئیسلامییەوە بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان. بەشداریی ئەرتەش لە کوشتارەکانی نەغەدە، پاوە، قارنێ و قەلاتان پێشاندەری ڕۆڵی وێرانکاری ئەرتەش لە کوردستاندا بوو. ڕووداوگەلێکی وەکوو نەورۆزی خوێناویی سنە (١٨ تا ٣٠ مانگی مارچی ١٩٧٩) و شەڕی سێ مانگە، لە ئۆگۆست بۆ دێسامبری ١٩٧٩(Moradbeigi, 2004, p. 143)، پەیوەندیی نێوان کورد و حکوومەت بۆ دەیەکانی داهاتوو دیاری و پێناسە دەکات. خومەینی بەشێوەیەکی زۆر توند وڵامی هەموو ئەوانەی دەداوە کە لە بەرانبەریدا ڕاوەستابوون و هەر لە دوای گەیشتنەوەی بۆ ئێران لە فێوریەی ١٩٧٩ فەرمانی بە ئەرتەش دا کە وڵات بکات بە گۆڕستانی دژبەرانی (Nikraftar, 2017, p. 11).

## دوژمنایەتیی میدیای ڕێژیم و پڕوپاگەندای دژەکورد

ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی گشتی، یەکێک لە دامەزراوە چالاکەکانی ئەو سەردەمەبوو، ئەم کێشەیە لە لایەن تێهرانی مۆسەووەرەوە (تهران مصور) بە ڕوونی ئاماژەی پێ دراوە کە دەڵێت: "ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گشتی، ڕۆڵێکی وێرانکەریان هەبوو و ڕاستیی ڕووداوەکانی کوردستانیان چەواشە دەکرد" (1979e, p. 22). ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وەکوو ماشێنێکی پڕوپاگەندا کاریان دەکرد کە بوونەهۆی ورووژاندنی کوردەکان، بە جۆرێک کە کوردەکان چەندین جار ئەم هەواڵانەی کاناڵە دژە کوردەکانیان مەحکووم کرد. مێدیای دەوڵەتی، زانیاریی هەڵەی بڵاودەکردەوە و ئامانجی لەقاڵبدانی کوردەکان بوو لە خانەی دژەشۆڕشدا و پێشاندانیان وەک ئامرازێکی دەستی ڕۆژئاوا. بۆ وێنە ئەوان چیرۆکی درۆیینی لەمشێوەیان بڵاودەکردەوە: "پێشمەرگەکان ژنان و کچان دەرفێنن" و "حدکا و کۆمەڵە تەواوی مزگەوتەکانیان قەپات کردووە و ڕێگەی خەڵک نادرێت کە لە مزگەوتدا نوێژ و تاعاتی خۆیان بکەن" و ئیسرائیل یارمەتیی کوردەکانی ئێران دەدات و چەکیان پێ دەدات" و "٥٠٠٠ کورد لە تورکیاوە سنووریان بەزاندووە بۆ یارمەتیدانی کوردانی ئێران" (Khoshhali, 2008e, pp. 65-67). لە بەرانبەردا شووڕای شارە جیاوازەکانی کوردستان، داوایان لە خەڵکی کرد لە خۆپێشاندانی جەماوەریدا بۆ لەقاودانی پڕوپاگەندا و سیاسەتی دژە کوردی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بەشداری بکەن کە لەو ماوەیەدا کوردەکانی نیشتەجێی تارانیش بەشدارییەکی ئەرێنییان لە بزووتنەوەی کوردیدا کرد و بۆ وێنە بۆ گفتوگۆ لە نێوان ڕێبەرانی کورد و حکوومەتدا ئاسانکارییان کرد. ناوەندی پارێزەرانی ئێرانی لە تاران ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە پشتیوانی کردنی کوردەکان. گەلاڵەی ٢٦ خاڵی (گەلاڵەی خودموختاری) لە لایەن ڕووناکبیر و پارێزەرە دیارەکانی کورد وەکوو عەزیز مامڵێ، عەلی حەسەنیانی و سارمەدین سادق وەزیری (Aliyar, 2019)، کە هەموویان دانیشتووی تاران بوون، دارێژرابوو. بۆ وێنە بێهرووز سولەیمانی، کە کوردێکی دانیشتووی تاران بوو، لە کۆبوونەوەیەکی وەزیری ناوخۆدا گوتبووی: "کوردەکان، بە پشتبەستن بە تۆمەتێکی هەڵە هێرشیان کراوەتە سەر و بوونەتە قوربانیی ڕاستەوخۆی دوژمنکاریی ڕێژیم" (بڕوانە: Khoshhali, 2008g, pp. 1-2).

قەمـــەری تەوریزی دەڵێـــت: هۆکاری توندوتیژبوونی ڕێژیم لە بەرانبەر هەرچەشنە ئۆپۆزیســـیۆنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خومەینی دەیزانی بە یەکیەتی و یەکبوونی خەڵکی، پێگەی ڕێبەریی ئەو لە بزووتنەوەی شورشـــدا و لە دوای ســـەرکەوتنی شۆڕش وەک خۆی نامێنێتەوە(2016, p. 121).

ئەم بەشە لە بزووتنەوە لە ژێر کاریگەریی زنجیرەیەک لە ڕووداوە سیاســـییەکان بوو (Thomasson, 2012, pp.702-703)، کـــە ئاکامی مشتومڕی نیوان کورد و حکوومەتی ئیسلامی بوو. هەر ئەو جۆرەی تامسۆن دەڵێت: "هێندێک ڕووداوی گەورە و بەشـــێکی زۆر لە ڕووداوە بچووکەکان کە خەڵکی بۆ بردنە سەرێی ئاستی خۆیان دەیانکەنە توخمێکی پێکهێنـــەر؛ گۆڕینی کاتە هەســـتیارەکانی شـــۆڕش بەڕێوەدەبـــەن واتـــە مودیرییەتی دەکـــەن(2012, p. 682). ڕووداوە دیارەکانی وەک: نـــەورۆزی خوێناویی ســـنە، کۆچی مێژوویی مەریوان وکاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی، ســـێبەری خستەســـەر پەیوەندییەکانـــی نێوان بزووتنەوەی کوردی و دەوڵەتی ناوەندی لە دەیەکانی داهاتوودا. شـــۆڕش لەســـەرەتادا وەکـــوو دەرفەتێک دەبینـــرا، هاوکات لە کۆتاییـــدا نائومێدی و شـــەپۆلێکی نوێی پاوانخوازی و سەرەڕۆییی جێخســـتراوی پێکهێنا. ئـــەم گۆڕانکارییانە، لەمەڕ سەرزەنشـــتکردنی ئەم توندوتیژییەی لـــە کوردســـتاندا هەبـــوو و بەتایبـــەت هۆکارەکانی پشـــت ڕووداوێکی هاوشێوەی وەک نەورۆزی خوێناوی، لەلای بزووتنەوەی کورد پرسیاری دروســـت دەکرد. (Tehran Musavvar, 1979a, p. 13).

## سنە ناوەندی ناکۆکییەکان

ســـنە یەکەمین شـــار بوو کـــە دوابەدوای شۆڕش کەوتە بەر هێرشی ئەرتەشی ئێران. پێگەی ستراتێژیک و سیمبۆلیکی سنە کە وەک پایتەختی ناوچەی کوردستان دەبینرا، هانـــدەری حکوومەت بوو بۆ ئەم هێرشـــە. نەورۆزی خوێنـــاوی لە مـــاوەی کەمتر لە پێنج هەفتە دوای شـــۆڕش، هاوکات چەند ڕۆژێکیش پێش سەری ساڵی تازەی کوردی و ئێران، لە ١٨ی مارســـی ١٩٧٩دا ڕوویدا. هێرشـــی ئەرتـــەش زیاتر لـــە ٢٢٠ کەس ووربانـــی و برینداری لێ کەوتەوە (Nesrol-labaegi, 2011). ئەم ڕووداوە ســـیگناڵێک بوو لە لایەن حکوومەتەوە تا بە بزووتنەوەی کوردی بڵێت ئەرتەش و ســـپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، تاکە هێزێکن کە دەبێت لـــە ئێراندا بمێننەوە و هـــاوکات دەرخەری ئـــەوەش بـــوو کـــە حکوومەت، ئیـــرادەی بەکارهێنانـــی توندوتیژی دژ بـــە دژبەرانی خـــۆی و شکســـتدانیانی هەیـــە (Tehran Musavvar, 1979a, p. 18).

لە دیدی ڕێژیمەوە، دامەزراندنی شۆڕاکانی شـــار و داخوازیی ئەوان بـــۆ خودموختاری، وەکوو ڕێگرێکی جیدی لە بەردەم پێکهێنانی ڕێژیمێکی ناوەندگەرای دینی پێناسە دەکرا. هـــەروەک مۆرە کۆنســـێرڤاتیڤەکانی ڕێژیم، چەمران، بەنی سەدر و ڕەفسەنجانی ئاماژەیان پێ دابـــوو، حکوومەت بە هیچ شـــێوەیەک بارودۆخێکی لەم چەشـــنە قەبووڵ ناکات و کوردســـتان ڕەفتارێکی جیاواز لە بەشەکانی دیکەی وڵاتـــی لەگەڵدا ناکرێـــت(Seyedi, 2018). ئەحمەدی موفتیزادە، دامەزرێنەری بزووتنـــەوەی مەکتەبی قورئـــان[١٤] و عەلی سەفدەری[١٥] مەلای ئایینیی شیعە و نوێنەری خومەینـــی لە کوردســـتان، گرووپگەلێکیان ڕێبەری دەکرد کە بە ئامانجی چارەســـەری کێشـــەگەلی کوردســـتان، یەکیەتییەکـــی کورتماوەیـــان پێکهێنـــا کـــە پەیوەندییان بـــە ســـەرچاوە نیزامی و ســـەربازییەکان و ڕادیـــۆ و تەلەفیزیۆنـــی ســـنەوە هەبوو. ئەم پشـــتیوانییە لەناوچـــوو و ئاکامەکەی بوو بە کێشە و مشـــتومڕ لە نێوانیاندا. دەرکەوتن و

ســـەرهەڵدانی وەها پەیوەندییەک زیاتر بووە هۆی نادڵنیایـــی و بێمتمانەیی ســەبارەت بە دۆخی هەســتیار و لەرزۆکی کوردستان Mohséni, 2018, p. 225; Moradbeigi,) 2004, pp. 84-85). پەیوەندیـــی نێـــوان ئەو دوو گرووپە، نارەزاییەتییەکانی شـــۆڕای شار دژ بە بوونـــی ئەرتـــەش و دژایەتی لەگەڵ کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی لە سنەدا، بوون بە فاکتۆرگەلێکی ســـەرەکی بۆ خراپتربوونی دۆخی شار و لە ئاکامدا بوون بەو ڕووداوەی کە لە قامووســـی بزووتنـــەوەی کوردیدا بە نەورۆزی خوێناوی ناسراوە.

لە وڵامی هێرشی ڕێژیمدا، خەڵکی سنە, لـــە ژانڤییەی ١٩٨٠دا ســـێ ڕۆژ مانگرتن لە خواردنیان ڕاگەیاند کە بە ڕۆژووی سیاسی ناسرابوو. تاکتیکێک کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بەکارهێنرابوو. ئەم کردەوەیە تێکەڵێک لـــە دژایەتی و مەحکوومکردن بە ئامانجی چوونەدەری پاسداران و ئەرتەش لە سنە بوو لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە ئامرازە ناتوندوتیژەکانـــی وەکوو ڕۆژووی سیاســـی. ئـــاواد، کاتێک بـــاس لە مانگرتـــن وەکوو شـــتێکی بنەڕەتی لە خۆراگریی ناتونوتیژدا دەکات دەڵـــێ: "مانگرتنەکان، پێمل نەبوون بـــە هاوکارییە؛ کـــە فەلەســـتینییەکان دژ بە ئیســـرائیل لە غـــەزە و کەناری ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن بەکاریـــان هێناوە(1984, p. 32). یەکێک لـــە مانگرتووانی ئەم بزاڤە لە ژانڤییـــەی ١٩٨٠دا دەڵێت: "ئێمە ئەندامی هیـــچ حیزبێکی سیاســـی نیـــن و ئامانجی ئێمە لـــە مانگرتن لە خۆراک، بۆ دەرکردنی پاســـدارەکان بـــوو، چونکـــە ئـــەوان لەژێر دەمامکی دابینکردنی نەزم، هاتوون دەنگی ئەهلی ســـەرکوت بکەن" (بڕوانە Khosh-hali, 2008e, pp. 212).

ســـەیدی (٢٠١٨) دەڵێـــت: "ڕێژیمی ئیســـلامی، بزووتنـــەوەی کوردەکانی وەک هۆکارێکی دژبەر دەبینی کە پێویســـت بوو پێش لـــە ڕیفراندۆمی بەرنامـــە بۆ دانراوی ڕێژیم لە ٣٠ مارســـی ١٩٧٩، شکستی پێ بهێنرێت".

بزووتنـــەوەی کـــوردی وازی لـــە داخوازییەکانـــی خـــۆی بـــۆ خودموختاری نەهێنـــا و هـــاوکات بەرزیـــی ئاســـتی بە سیاسیبوونی کۆمەڵگا و توانایی بۆ وەجووڵە خستنی گشتیی کۆمەڵگا، پێگەیەکی دیاری بەرهەڵســـتکارانەی بە کورد لە بەرانبەر بە ڕێژیمی ئیسلامی بەخشی.

ڕەوتـــی ڕووداوەکانـــی ئێران پێشـــانی دا کـــە بردنەپێشـــێی ئۆتۆریتـــە لە ڕێگەی دروستکردنی تەنگەژە و قەیران، مێتۆدێکی بەرنامەبۆدارێـــژراو لە لایـــەن ڕێژیمەوە بوو. ئامانجـــی بنەڕەتیی ڕێژیم لـــە بەکارهێنانی هێزی چەکدار، بۆ کۆتایهێنان بە دووفاقیی هێز لە کوردستاندا و بەهێزکردنی ئۆتۆریتەی خۆی لـــەم ناوچەیەدا، پێـــش ڕیفراندۆمی کۆماری ئیســـلامی بوو. بۆ نموونە مســـتەفا چەمـــران (یەکەمیـــن وەزیـــری بەرگریی ئێران دوای شـــۆڕش) لە گۆشـــەنیگایەکی سەربازییەوە لە مەسەلەی کوردی دەڕوانی و بـــەردەوام پێداگریی لەســـەر ئەوە دەکرد کـــە بـــۆ گەرەنتیکردنی دەســـەڵاتی ڕێژیم لـــە کوردســـتاندا، ناردنی ئەرتـــەش وەک کاریگەرترین چارەســـەر تاکـــە ڕێگەچارەیە (Mostafa Sultani, 2006, pp. 374).

لەگـــەڵ هەموو ئەوانەشـــدا، زیاتربوونی تەنگەژە لە کوردستان و هاوکات بەهێزبوونی بزووتنـــەوەی کـــوردی، ڕێژیمـــی هێنایە ســـەر ئەو قەناعەتەی کە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشـــتیی کـــوردەکان بـــۆ ڕیفرانـــدۆم، سازشـــێکی کاتی پێکبهێنێت. زنجیرەیەک لە وتوویژ لە نێـــوان کوردەکان و نوێنەرانی حکوومەتی کاتیدا (ناســـراو بە دەســـتەی نیاز پاکی) پێکهـــات (Tehran Musavvar, 1979d, pp. 44-46). هەرچەنـــد ئەمە هیچ ئاکامێکی ئەرێنیی بـــۆ بزووتنەوەی کوردی

نەبوو و لەم ماوەیەدا کوردستان قۆناغێکی ئاڵۆزی نە شەڕ و نە ئاشتیی تێپەڕاند. پاشان حکوومەت بەخێرایی هێزی نیزامیی زۆری بۆ کوردستان ڕەوانە کرد. هاوکات لەگەڵ توندترکردنی کێشمەکێشی نیزامی لە کوردستان، سادق خەڵخاڵی یەکێک لە کەسایەتییە ئایینییە توندئاژۆکان نێردرا بۆ ناوچەکە، تاکوو تۆڵە لە بزووتنەوەی کوردی و خەڵکی کورد لە بەر بەشداری نەکردنیان لە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە. خەڵخاڵیش هاوشێوەی دەسەڵاتدارانی تری ڕێژیم پێی وا بوو کە هێزی سەربازی و ئیعدامی بەکۆمەڵ و جەماوەریی نەیاران و دژبەرەکان، تاکە ڕێگەچارەی ئاڵۆزییەکانی کوردستانە. وەحشیگەرییەکانی خەڵخاڵی، بوونە هۆی ئەوەی بە قەسابی کوردستان بناسرێ. لە میانەی ئیعدامە زنجیرەییەکاندا، خاڵخاڵی سەدان خەڵکی سیڤیل و چالاکی سیاسیی کوردی ئیعدام کرد (Amanat, 2017, pp.779-781; Mahbobi, 2017). کوردستان لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی یەکگرتووانە دەوڵەتی تیرۆری ئەزموون کرد. حکوومەتی ئیسلامی بە دڵخواز و ئیشتیای خۆی ئیعدامی بەکۆمەڵی وەکوو تۆڵەی خواستی خودموختاری و بایکۆتی ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بەکار هێنا. ١١ کورد (لە نێوانیاندا زیندانیی برینداریشی تێدا بوو) لە ٢٧ی ئاگۆستی ١٩٧٩ لە فرۆکەخانەی سنە ئیعدامی بەکۆمەڵ کران (IHRDC, 2011). ٤٧ ژن و پیاوی کورد لە سنە لە ڕێکەوتی ٢ی سێپتامبری١٩٧٩ ئیعدام کران ، ٥٩ لاو لە مهاباد لە ڕێکەوتی ٢ی ژوئەنی ١٩٨٣ ئیعدام کران کە حوکمەکەیان لە لایەن فەرمانداری مهاباد، حەمیدڕەزا جەلائیپوورەوە، واژۆ کرابوو (Khoshhali, 2008e, p. 154). زیاتر لە سەد کەس لە سەقز ئیعدام کران لە نێویاندا شەهلا و نەسرین کەعبی کە خوشکی یەکتر و هەردووکیان پەرەستاربوون و بەبێ دادگایی کردن حوکمەکانیان جێبەجێ کرا. ئەوانە میناکگەلێک لە ئاکاری دڕندانەی حکوومەتی ئیسلامی لە بەرانبەر کۆمەڵگای کوردستان بوو. یەکەمین شەپۆلی ئیعدامەکانی خەڵخاڵی، لە ئۆگۆستی ١٩٧٩ دەستی پێ کرد. دوابەدوای فەرمانی جیهادی خومەینی کە لە ١٩ی ئۆگۆستی ١٩٧٩ دەریکرد، لەشکرکێشی بۆسەر شاری پاوە کرا. خەڵخاڵی وەکوو تۆقاندنی گەلی کورد زۆرینەی دوکتۆر و پەرەستار و کارمەندانی بوارەکانی تەندروستی و پەروەردەی تەبعیدی دەرەوەی کوردستان کرد و لە وڵامی ئەم دڕندایەتییانەدا، موفتی زادە لە نامەیەکی کراوەدا نووسی:

"هاووڵاتییانی ئازیز و ئۆمەتی ئیسلامی لە ئێران، ئەو بارودۆخەی برا و خوشکە کوردەکانتان دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا ئەزموونیان کردووە، زۆر جیاوازە لەوەی کە ئێوە لە ڕۆژنامەکاندا دەیخوێننەوە. لە کاتێکدا هەموو ئێران، بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر شادا سەرگەرمی ئاهەنگ گێڕانن، تەنها چەند ڕۆژێک دوای ئەمە پاشماوەکانی ڕێژیم بە بیانووی "شۆڕش و نەزم"، هێرشێکی بەرفراوانیان دژی نەتەوەی کورد دەست پێ کرد. ئێستاش هاووڵاتییانی کورد، بێ هیوایانە سەریان سوورماوەتەوە و بۆیان پرسیارە کە بۆچی لە کاتێکدا تاوانبارەکان کوردستان وێران دەکەن، ئێوەی هاووڵاتییان بێدەنگن" ( بڕوانە Khoshhali, 2008d, pp. 42-43).

## ڕاگەیاندنی شۆراکانی شار

خەڵکی سنە پێداگرییان لەسەر بەهێزکردنی سیستەمی شۆراکان دەکرد، بەڵام لە ڕوانگەی حکوومەتەوە شۆراکان وەکووهێزێکی هەڤدەم چاویان لێ دەکرا کە بۆ سەر دەسەڵاتی حکوومەت مەترسییە، ئەردەڵان

(٢٠١٥) یەکێک لە ئەندامانی شۆڕای شاری سنە، شۆڕا وەکوو پرۆژەیەکی لە سەرێوە بۆ خوارێ وەسف دەکات کە لە گەڕەکەکانی شاری سنە لە ساڵی ١٩٧٨ دەستی پێ کرد و بۆ پێکهاتن و دامەزراندنی شۆڕای هاوشێوە، بۆ شارەکانی دیکەی کوردستانیش هاندەر بوو. لە کوردستاندا شۆڕش لەلایەن هێزە چەپ و نەتەوەیی و سێکۆلارەکانەوە ڕێبەری دەکرا، لە کاتی شۆڕشدا ئەم لایەنانە بەرپرسیارێتیی هاوبەشیان بۆ جووڵەپێدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی ئیدیۆلۆژییەکانی خۆیان هەبوو کە لە دامەزراندنی سیستەمی شۆڕادا ڕەنگدانەوەی هەبوو(Moštafa Sultani & Watandušt, 2015, p. 23)!.

لەدوای سەردانی ئایەتوڵڵا مەحموود تاڵەقانی (کەسایەتیی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی و ئیدیۆلۆژیکی ئێرانی و مەلای پلەبەرزی شیعە) بۆ کوردستان و دیتنی سیستەمی شۆڕاکان، تاڵەقانی داوای دامەزراندنی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەریی شۆڕایی بۆ تەواوی ئێران دەکرد. هەڵبەت هەر بە پێی ژیاننامەی خۆنووسیی تاڵەقانی، بەشێک لە هێزە ئیسلامییەکانی سنە لەژێر کاریگەریی هێزە کۆنزێرڤاتیڤەکانی تاراندا، شۆڕاکانی ئێستایان قەبووڵ نییە و داوای شۆڕایەکی تەواو ئیسلامی دەکەن (Seyedi, 2018). هەرچەندە کە بەنیسەدر و ڕەفسەنجانی (کە هەردووکیان لە نوێنەرانی حکوومەت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکان بوون و لە خومەینی نزیک بوون)، پێشنیارەکەی تاڵەقانییان ڕەد کردەوە و ئەوان شۆڕاکانیان وەکوو دامەزراوەیەک دەبینی کە دەسەڵاتی حکوومەتی لاواز دەکرد. خەڵکی خۆجێیی لە شۆڕاکاندا ڕاستەوخۆ بەشداربوون، تەناهیی گەڕەکەکانیان دابین دەکرد و هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی نرخی بازار، پێداویستییەکانیشیان وەکوو نەوت و ئارد بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد.

ئەم مۆدێلەی شارەداری تا شەش مانگ بەردەوام بوو؛ تاوەکووهێزەکانی پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستان کشانەوە. کۆلاقۆچی(٢٠١٥) دەڵێت کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی هەوڵیان بۆ بەهێزکردنی شۆڕای شارەکان دەدا وەکوو شێوازێکی بێ هاوتای خۆڕاگری و هۆکاری سەرەکیی تەنگەژەی نێوان کوردەکان و حکوومەت. بەهێزکردنی ڕۆڵی شۆڕاکان، بەشێکی گرینگی داواکارییەکان بە مەبەستی دیموکراتیزەکردنی کوردستان بوو. لە بەشێک لە گەڵاڵەی خودموختاریدا، کوردەکان داوایان دەکرد کە هەموو دامەزراوە ئەمنییەتییەکان لە کوردستاندا، پێویستە لەژێر چاودێریی کۆمیتەیەکی هاوبەشی سەربازییدا (پێکهاتوو لە سەربازانی نیشتمانی و نوێنەرانی کومیتەی شۆڕش) بێت و هەروەها پادگانەکان دەبێت ببرێنە دەرەوەی شارەکان (Mohajer, 2014). بەڵام ئەم داواکارییانەی کوردەکان، لەلایەن دەسەڵاتەوە وەکوو هەوڵی کورد بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی حکوومەت لەبەرچاو گیرا، هەربۆیە حکوومەت هیچ کاتێک لە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەوە وڵامی داواکاریی کوردی نەداوە (Kolaqochi, 2015).

## میتینگی نەغەدە و پێکدادانی ئێتنیکی

لەپێناو بەهێزکردنی دەسەڵات بە سەر کوردستاندا، حکوومەت بە دروستکردنی قەیران و پەیڕەویکردن لە سیاسەتی ئاژاوە بنێوە و حکوومەت بکە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە ئاژاوەنانەوە کەڵکی وەردەگرت (Nikraftar, 2017, p. 32). بە جۆرێک کە ڕێبەرایەتیی کوردەکان، لە دژی پەیڕەویکردن لە سیاسەتێکی لەمجۆرە، چەندین جار هۆشدارییان بە ڕێژیم دا، بۆ نموونە شێخ عێزەدین حسەینی لە نامەیەکدا بۆ بازرگان (یەکەمین سەرۆکوەزیرانی

دوای شـــۆڕش) دەنووســـێت: "گەورەترین هەڵـــەی حکوومـــەت، بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکییـــە لـــە نێو کوردانـــدا" (Tehran .(Musavvar, 1979b, p. 22

حکوومەت بە شێوەیەکی سیستەماتیک کاری بۆ پێکهێنانـــی تاقمگەرایی دەکرد بۆ ئـــەوەی پێگەی کـــوردەکان لاواز بکات. بۆ وێنە حکوومەت و ئەرتەشـــەکەی، چەندین جار لە نێو کۆمەڵگەی ئازەریدا، پاڵپشتییان لە گرووپگەلێکی دیاریکراو دەکرد و هاوکات لە ناوچە کوردییـــە جیاوازەکاندا کاریان بۆ دروستکردنی ناکۆکیی تاقمگەرایی لە نێوان کورد و تورکدا دەکـــرد (Mohséni, 2018, p. 226). دەرکەوتنـــی تەنگـــەژەی جیددی لـــە نەغەدە و ورمـــێ و کۆمەڵکوژیی قارنێ لە ٢ی سـێپتامبەری١٩٧٩ کە تێیدا ٤٧ سڤیل گیانیان لەدەست دا، نموونەگەلێکی کۆمەڵکوژی بە پاڵپشتیی ئەرتەشی ئێرانن.

لـــە ٢٠ی ئاپریلـــی ١٩٧٩ و لە میانەی میتینگێکی پێکهاتوو لەلایەن حدکاوە و لە شاری نەغەدە کە شارێکە دانیشتوانی کورد و ئازەریـــی هەیە، ڕووداوێکی کارەســـاتبار ڕوویدا کـــە ژمارەیەکی بەرچـــاوی قوربانی لـــێ کەوتـــەوە و هـــاوکات، بوو بـــە هۆی جێگۆڕکێکردنـــی زۆرینـــەی دانیشـــتوانی کوردی شـــارەکە. ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد، ئەرتەشـــی ئێرانی لە هێرش بۆ سەر کوردەکان لە نەغەدە و ناوچەکانی دەوروبەر بە بەرپرســـیار دەزانی، هەربۆیەش ڕێبەریی حدکا "دوکتۆر قاســـملوو"، لە سەفەرەکەی بۆ تاراندا گوتی:

"ئێمـــە دەزانین هەندێـــک هێز کار بۆ پێکهێنانـــی ئاڵـــۆزی لـــە پەیوەندییەکانی ئێمـــە و حکوومەتـــدا دەکـــەن. بۆیە ئێمە لێرەین تا هۆشـــداری بە دەسەڵات بدەین و هەڵەتێگەیشـــتن لەمەڕ ئەو بابەتە چارەسەر بکەیـــن. هەرچەنـــدە کـــە ئەزموونی ئێمە دەرخـــەری ئەوەیە کە حکوومەت گرینگی بەو بابەتانە نادات یان دڵخوازانە ئەو بابەتانەی ووردستان پشتگوێ دەخات" (بڕواننە -Kho .(shhali, 2008a, pp. 19-20

## کۆچی مێژوویی مەریوان

لەگەڵ چوونـــە ســـەرەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کـــوردەکان و حکوومـــەت، هاوکات فرەچەشنیی شـــێوازەکانی خۆڕاگری لەنێو بزووتنـــەوەی کوردیـــدا پەرەی ئەســـتاند. فرەچەشـــنیی چالاکییەکانـــی کۆمەڵـــگای مەدەنیـــی کوردســـتان بـــووە پرســـێکی ڕاستەقینە لەبەردەم سەپاندنی دەسەڵات لە کوردستاندا.

یەکێـــک لـــە نموونەکانـــی چالاکیـــی سیاســـیی کۆمەڵـــگای مەدەنـــی، بریتـــی بوون لـــە چالاکییـــەکان بۆ ئـــازاد کردنی زیندانیانی سیاســـی لە کوردستان. بۆ وێنە لە مەریوان، "بەخێرهاتنی کردنی زیندانییە سیاســـییەکان" و پێکهێنانی ڕێورەســـمی پێشـــوازیکردن بۆیـــان، لـــە لایـــەن "فواد مستەفاســـوڵتانی"یەوە، یەکێـــک لە ڕێگە کاریگەرەکان بۆ وەجووڵەخستنی کۆمەڵانی خەڵک بـــوو (Mostafa Sultani, 2006, p. .(181

ئـــاواد، کـــە گرینگـــی بـــە خوێندنی خۆڕاگریی ناتوندوتیژیی فەلەســـتینییەکان لە دژی ئیسرائیل دەدات دەڵێت: مانگرتنی قوتابخانـــە و بـــازاڕەکان، واژۆکۆکردنـــەوە، تێلێگرافەکانـــی نارەزایەتییانـــە، تەبلیغات و مەحکوومکردنەکان لە نووسراوە ڕۆژنامەکاندا و هەوڵـــەکان بـــۆ بایکۆتکردنـــی شـــمەکە ئیســـرائیلییەکان لەراســـتیدا دەرخـــەری خۆڕاگریی ناتوندوتیژن (1984, p. 22).

کۆمەڵـــگای مەدەنیـــی کوردســـتان، پشتئەســـتوور بوو بە چالاکییە جۆراوجۆرە ئاشتیخوازانەکانی وەکوو: مانگرتن، مانگرتن لە خواردن، خۆپێشـــاندانە هاوبەشییەکان، داخســـتنی بازاڕ و قوتابخانە و ئۆفیسەکان،

که وەکوو ئامرازی بەرگریی بەکۆمەڵ پێناسە دەکرێن. چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردی، ئەو کردەوانە بوون کە لە بەرانبەر ڕێژیمی تازە دامەزراوی ئێراندا دەگیرانەبەر (Khoshhali, 2008b, p. 57). خۆپێشاندانی شاری سنە بۆ ئازادکردنی هەشت زیندانیی کۆمەڵە لە مەریوان (Mostafa Sultani & Watandust, 2015, p. 140)، داخستنی بازار بۆ چەند حەفتە بۆ چوونەدەرەوەی پاسداران لە شارەکان و مانگرتنی خەڵکی بانە و پاوە لە خواردن، نموونەی بەرچاوی چالاکییە ناتوندوتیژەکانی کۆمەڵگای کوردی لە ماوەی "پاش شۆڕش"دان (Mostafa Sultani & Watandust, 2015, p. 26).

مەریوان لەگەڵ زۆرێک لە شارە کوردییەکانی دیکە، ببووە ناوەندی زۆر چالاکی. خەڵکی مەریوان، بەشێکی چالاکیان لە شۆڕشدا پێکهێنابوو و ئەمەش مەریوانی کردبوو بە ناوەندی چالاکیی سیاسیی گرووپە جیاوازەکان. کۆچی مێژوویی مەریوان، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بوو. کردەوەیەکی خۆڕاگرانە بوو کە شوناسێکی تایبەتی بە شارەکە بەخشی و هاوکات پێداگریی کوردەکانی لە داواکردنی ویستەکانیان بە ڕێگەی کردەوەی بەکۆمەڵی ئاشتیخوازانەوە پێشان دا. ئەم کۆچە گشتییەی دانیشتوانی مەریوان بڕیارێک بوو کە لە لایەن شۆڕای مەریوانەوە درابوو و پاڵپشتیی زۆرینەی کوردستانی ئێرانی لەگەڵ بوو (Mostafa Sultani, 2006, pp. 374-376). ئەم کۆچە چواردە ڕۆژی خایاند. لە ٢٣ی جوولایەوە تاکوو ٥ی ئاگۆستی ١٩٧٩ و فوادی مستەفا سوڵتانی، ڕۆڵێکی دیاری لە چالاکییەکانی شاری مەریوان و ئەم کۆچە مێژووییەدا هەبوو.

پێش لە کۆچی مێژوویی و لە کاتی کردەوە نارەزایەتییەکاندا لە ١٤ی ژوئیەی ١٩٧٩، خەڵکی مەریوان لە بەرانبەر بە مەکتەبی قورئان لەدژی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سیاسەتەکانی سپا لە شاردا، خۆپێشاندانیان ئەنجام دا، لەو خۆپێشاندانەدا سێ خۆپێشاندەر کوژران و زۆر کەسیش بریندار بوون[١٦] (Mostafa Sultani, 2006, pp. 364-364). هۆکاری ئەم خۆپێشاندانە، کردەوە هاوشێوەکانی پاسداران بوو لە شاردا و بۆیە خەڵک داوایان دەکرد هێزە سەربازییەکان لە شارەکەیان بچنە دەرەوە و خەڵکی مەریوان چەندین جار بە ڕوونی گوتبوویان "ئێمە نامانهەوێ لەگەڵ حکوومەت شەڕ بکەین و ئێمە پێدانی دەسەڵات بە پاسداران قەبووڵ ناکەین و دەبێت تەناهیی شارەکەمان بەدەست خەڵکانێکی باوەڕپێکراوی خۆجێیی بێت" (Khoshhali, 2008h, pp. 92-93).

لە میانەی دانیشتنێکی نێوان چەمران و نوێنەرانی خەڵکی مەریوان، چەمران هەڕەشەی ئەوەی لە خەڵک کرد کە لە ئەگەری دەست هەڵنەگرتنیان لە داخوازییەکانیان، ئەوە ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە و گوتی کە ئەرتەشی ئێران بۆ شەڕ لێرەیە نەک جەژنگرتن (Mostafa Sultani, 2006, p. 374). فواد مستەفا سوڵتانی لە وەڵامی ئەودا گوتی: "ئەگەر دەتانهەوێت هێرش بکەنە سەر مەریوان ئێمە شار بەجێدەهێڵین ئێوە دەبێت شارێکی چۆڵ داگیربکەن" (Khoshhali, 2008h, pp. 92-93). لەگەڵ زیاتربوونی ناکۆکییەکان لە مەریوان، لایەنی توندئاژۆ و کۆنزێرڤاتیڤی ڕێژیم، هاوشێوەی چەمران لە گۆشەنیگایەکی تەواو سەربازییەوە بۆ مەسەلەی کوردیان دەڕوانی. چەمران پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە بەکارهێنانی هێزی نیزامی تاکە گەرەنتیی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕێژیم لە کوردستانە، ئەم هەڵوێستە دڕندانەیەی

چەمران، لەلایەن کاربەدەستانی خودی ڕێژیمیشەوە ڕەخنەی لێ گیرا. بۆ وێنە مەهدی بەهادۆریان، نوێنەری خومەینی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کوردستان لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: "بەڵگەکان پێشان دەدەن کە چینی فیۆدال و خاوەن زەویی کوردستان لە ڕێگەی گەلاڵەیەکی نهێنییەوە کە لەلایەن کەسانی وەکوو دکتۆر چەمران و ژێنێڕاڵ زاهیرینەژادەوە داڕێژرابوو، پڕ چەک دەکرێن تاکوو خەڵکی بێبەشی کوردستان سەرکوت بکەن" (بڕوانە Am-jadi, 2011).

بەشێک لە نارەزایەتییەکانی کورد لە ڕێژیم لە ڕێگەی کۆچە بەکۆمەڵەکانەوە خۆیان پێشان دا. دامەزراوەی سپای پاسداران لە مەریوان و کرداری توندوتیژانەکەیان، ڕۆڵی ڕووخێنەری چینی فیۆدال و ڕێبەرایەتیی کاتیی پارتی دێموکرات (قیادە موقت)، بووە ئاکامی پەرچەکرداری خەڵکی مەریوان کە لە کۆچی مێژووییدا ڕەنگی دایەوە (Moštafa Sultani, 2006, p. 105). شۆرای شاری مەریوان کە سیاسەتەکانی نوێنەرایەتیی زۆرینەی شاری دەکرد، ڕێکخەری سەرەکیی ئەم کۆچە بوون. یەکیەتیی جووتیارانی مەریوان و هێزەکانی پێشمەرگەی ئەم یەکیەتییە کە لە ٢٩ی مەی ١٩٧٩ دامەزرابوو، پێش و پاش کۆچەکە، ڕۆڵێکی بەرچاویان لەم ڕووداوەدا هەبوو. ئەم یەکیەتییە و هێزە چەکدارە بچووکەکەی، مەشقی پەروەردەیان بەڕێوەدەبرد و هاوکات پشتیوانییان لە چالاکیی بێ زەوییەکان لە دژی خاوەن زەوییەکان لە مەریوان دەکرد. یەکیەتیی جووتیاران لە بردنەسەری بڕوابەخۆییی کۆمەڵگای مەدەنیی مەریوان بەشدار بوو(Moštafa Sultani, 2006, pp. 22-26).

دوابەدوای ڕاگەیاندنی شۆرای شاری مەریوان، کۆچەکە لە ٢٢ی ژوئیەی ١٩٧٩ دەستی پێ کرد تاوەکوو چوارده ڕۆژ بەردەوام بوو (Moštafa Sultani, 2006, p. 374) و ئەم کۆچە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە جووڵانەوەی سیاسیی مەریوان لەو سەردەمەدا و هاوکات نارەزایەتییەکی ئاشتیخوازانە و کردەیەکی نافەرمانیی مەدەنی و ستراتیژییەک بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی مەدەنی بەدەستی ئەرتەشی ئێران و سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی بوو. لەمیانەی ئەم کۆچەدا، بە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی مەریوان لە نێوان حەوت بۆ هەشت هەزار لە پازدە هەزارکەس، شاریان بەجێهێشت و لە کانیماران کە ناوچەیەکی دەرەوەی مەریوان بوو، کەمپیان دروست کرد. بەشێکی دیکە لە خەڵک لەگەڵ خزمەکانیان لە دێهاتەکانی دەورووبەر مانەوە. خەڵک لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانەوە خۆراک و پێداویستییان بۆ کەمپی کانیماران دابین کرد، کە ئەمە پێشاندەری یەکگرتوویی ئەوان بوو لەگەڵ خەڵکی مەریوان، بەجۆرێک کە لە شارەکانی سنە، کامیاران، سەقز، بانە و بۆکان خەڵک بەرەو مەریوان کەوتنەڕێ و لە دوای چەند ڕۆژ گەیشتنە کەمپی کانیماران (Moštafa Sultani & Watandušt, 2015, p. 405).

ئەم ڕێپێوان و کۆچە فراوانە، لە لایەن بەشێک لە میدیای نەتەوەییەوە پێشان دران. بۆ وێنە تێهران مۆسەووەر، زۆرینەی ڕاپۆرتەکانیان لەسەر ئەم کۆچە و لایەنە جیاوازەکانی ژیانی خەڵک لە کەمپی کانیماران بوو (1979g, pp. 27-37). لایەنە سیاسی و سیمبۆلیکەکانی ئەم کۆچە پێشان دەدات کە کۆمەڵگای کوردی، لەو سەردەمەدا ڕاهێنانی لە بوارێکی فراوانی خۆڕاگریی مەدەنییدا کردووە کە دەرخەری ئاستی بەرزی سیاسیبوونی کۆمەڵگایە. هاوکات هەنگاوە هاوشێوەکانی خەڵکی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، پێشان

دەدات کە کوردستان توانیویەتی پەرە بە پۆتانسییەلی بەهێزی داخوازییەکانی خۆی بدات، کە لە کردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پەنابردن بە کردەوەی ئاشتیخوازانە ڕەنگی دایەوە . کۆچی مێژوویی مەریوان، بوو بە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان. فواد مستەفا سوڵتانی لە کەمپی کانیماران بە خەڵکی گوت: "ئەم کۆچە خەڵکی یەکگرتوو کردووە و مەریوان بۆتە قەڵای ئازادی و ئێمە هەموو ئێران دەکەینە مەریوان" (بڕوانە Moštafa Sultani & Wantandušt, 2015, p. 379). ئەم کردەوەیە سازکەری ململانێیەک بۆ هێزە ناخەڵکییەکانی وەک پاسداران، ئەرتەش، مەکتەبی قورئانی موفتیزادە و خاوەن زەوییەکان بوو. شۆڕا کە پێش کۆچی خەڵکی مەریوان لەلایەن ڕێژیمەوە بە نایاسایی دانرابوو، دوابەدوای ئەمە بە شێوەیەکی فەرمی ناسرا، بە چەشنێک کە ڕێژیم بەڵێنی دا کە هەموو هێزەکان، بنکەکانیان لە شار بەجێبهێڵن و تەناهی بدەنەدەست پۆلیس و خەڵکی خۆجێیی، هەرچەندە کە ڕێژیم ئەم بەڵێنانەی بەجێ نەگەیاند (Moštafa Sultani, 2006, pp. 374-389).

## ئاکام

لە کاتێکدا شۆڕش بوو بەهۆی گۆڕینی ڕێژیم، دامەزراندنی مۆدێلی نوێی پەیوەندیی دەوڵەت-خەڵک نەبوو بەهۆی دێموکراتیزەکردن و پێشکەوتنی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە ئێران. تیرۆری دژبەران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، سەرلەنوێ بوو بە هۆی بێ هیوایی و دابڕانی زیاتری ئێرانییەکان. بە نیسبەت کوردەکانیشەوە، چوار دەیە مشتومڕی درێژخایەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەرهەمی ئەم بێ هیوایی و دابڕانەیە.

شۆڕشی ١٩٧٩، لەڕووی پێکهاتەوە و بوو بە هۆی سەرلەنوێ پێکهێنانەوە و دیسان دەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردی، هەروەها فرەچەشنییەکی زۆر لە ژمارەی بکەرەکان و ئایدۆلۆژییە بەشدارەکان لە بزووتنەوەکاندا بەدی دەکرا. ئەم دەرکەوتنە نوێیانە هەم لەگەڵ خۆیاندا هەلیان دروست کرد، هەم بوونە هۆی دروست کردنی ڕکابەری. زۆربوونی لەناکاوی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێشاندەری ئەوەبوو کە شۆڕش تەنیا هەلی بۆ بزووتنەوەی کوردی پێکنەهێناوە، بەڵکوو هەلێکی لەباریشی بۆ نەوەکانی دواتری ڕووناکبیرانی کوردستانیش ڕەخساندووە، کەسانێک کە شۆڕش هەلی چالاک بوون و بە کردەیی کردنی پۆتانسێیلەکانیانی پێ بەخشین.

بابەتێکی دیکە هەڵسوکەوتی نێوان کوردەکان و حکوومەتی ناوەندی لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩یە، کە لەوێدا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی ئەوپەڕی نەرمییان لەخۆیان نواندووە، تاوەکوو ڕێگەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەریی دۆزی کورد بدۆزنەوە، لە کاتێکدا حکوومەت و دەسەڵاتداران، هیچ شتێکیان جگە لە توندی و ڕەتکردنەوەی داخوازییەکانیان پیشان نەداوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕێبەرانی کورد، نوێنەرایەتیی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردیان لە ئێران دەکرد. بۆ نموونە ڕێبەرانی کورد وەکوو دوکتۆر قاسملوو و شێخ عێزەدین، چەندین جار پێداگرییان لەسەر یەکپارچەییی ئێران کردبۆوە و چەندین جاریش، ڕوونکردنەوە و گۆڕانکارییان لە پێکهاتەی خودموختاریدا (خودموختاریی سیاسی، ئابووری و کەلتووری) کە داخوازیی ئەوان بوو پێکهێنابوو. لە هەمان کاتدا قاسملوو و شێخ عێزەددین تاقمگەراییان ڕەد کردبووەوە. وەک چۆن قاسملوو گوتبووی: "ئەوەی کە کوردەکان دەیانهەوێت، دەستەبەر بوون و گەرەنتی کرانی مافە نەتەوەییەکانیانە لە

ێیرانــدا نەک کوردســـتانێکی جیا“ (Kho-shhali, 2008a, p. 2). لەگــەڵ هەمـــوو ئەوانەشــدا، دەرکــەوت کــە وەفــاداری و ئەمەگناسیی کوردەکان بێهوودە بوو، چونکە ڕێژیمی تاران لە سیاسەتە تێکدەرانە و دژە کوردەکانی بەردەوام بوو.

دەرکەوتنــی پێکدادانــە ئێتنیکییەکان لە نێوان کــوردەکان و ئازەرییەکان، دوای تێپەڕینی چوار دەیە، هێشــتاش یەکێک لە کێشــەکانی بەردەم بزووتنەوە و کۆمەڵگای کوردییە، بە جۆرێک ئەم بابەتە کوردەکانی خســتووەتە بیرکردنەوە بۆ ڕێگری کردن لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی لەوشــێوەیە لە ئەگەری پێکهاتنــی گۆڕانکاری لە ئێران و ناوچــەی کوردیــدا و ئازەرییەکان لە نێو کوردەکاندا یان شان بە شانی ئەوان بژین.

بابەتێکی جێگای تێڕامانی دیکە ئەوەیە کە کــردەوە ناتوندوتیژەکانــی کوردەکانی ئێــران لە کۆمەڵــگا و وڵاتانێکی دیکەوە لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٧٠ بە ئیلهام وەرگیراون.

بــۆ وێنە ڕانــداڵ لــە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە کرداری ناتوندوتیژ و خۆڕاگریی مەدەنی، باس لەوە دەکات کە لەو ماوەیەدا، پێشــنیاری جۆرە جیاوازەکانــی بەرگریی مەدەنــی لەدژی دیکتاتــۆرەکان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیــن، ئێران و فیلیپین دەکات و دەڵێت ئــەم نموونانەی بەرگریی مەدەنی لــە دژی حکوومەتی پاوانخوازدا، لە ســاڵی ١٩٧٩ لە ئێــران و ١٩٨٦ لە فیلیپین بووە (1994, p. 89). خوێندنەوەی شۆڕشی ئێران لە ئاســتی ناوچەییدا، ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، دەرفەتێکی باشــیان بۆ هەمیســان ڕێکخســتنەوەی خۆیــان بۆ شــەڕ لەگەڵ حکوومەتی عێراق وەدەست کەوت. شۆڕشی بارزانی لە ســاڵی ١٩٧٥ بەهۆی گرێبەستی ئەلجەزایــەر و نەمانی پشــتیوانیی ڕێژیمی شــا بە تەواوی بێکەڵک کەوت (Phillips, 2019, pp. 38-39). دوو حیزبــی گەورەی کوردستانی عێراق واتە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان ، شۆڕش و گۆڕینی ڕێژیمیان لە ئێران وەکوو دەرفەتێکی زێڕین بۆ دیسان ساز کردنەوەی خۆیــان دژ بە حکوومەتی عێــراق دەدیت. حیزبەکانی کوردســتانی عێراق بۆچوونێکی ئەرێنییــان لەهەمبەر شۆڕشــدا هەبوو. بۆ وێنە پارتی هێڵێکی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ حکوومەتی ئێران پێکهێنا و ڕێبەری یەکیەتی جەلال تاڵەبانی، شۆڕشــی ئێرانی وەکــوو دیاردەیەکــی دژەئیمپریالیســتی دەدیــت کــە لــە بەرژەوەندیــی گەلانی سەرکوتکراوی ناوچەکەدایە. لە هەمان کاتدا ئایەتوڵڵا خومەینی وەکوو ڕێبەرێکی پێشڕەو و ئاڤانگارد ســەیر دەکرا. جــەلال تاڵەبانی چەندین جار و لە چەند نامەی تاکەکەسی و سەر ئاواڵەدا، پشــتیوانی و یەکگرتوویی خۆی لەگەڵ شــۆڕش ڕاگەیاندبــوو (van Bruinessen, 1992, pp. 37-39; Entessar, 1984).

ئــەوەش پێویســتە بگوتــرێ کە دوای تێپەڕ بوونی چوار دەیە بە سەر دامەزراندنی کۆماری ئیســلامیدا، ســەرەڕای چەندین هەوڵــی ڕێبەرایەتیی کورد بۆ چارەســەری ئاشــتیانە، بەڵام لەبەر سروشتی نەگۆڕاوی کۆماری ئیسلامی، ئێستاش پەیوەندییەکانی نێوان کــوردەکان و حکوومەتــی تاران لە جاران ئاڵۆزترە؛ لەبەر ئەوەی ئاستی سیاسی-کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردەکان، لە کاتی دامەزراندنی ڕێژیمەوە، گەیشتووەتە پلەیەکی بەرچــاو. لە لایەکــی دیکــەوە تێڕوانینی حکوومەتــی ئێران بۆ ئەم پێشــکەوتنانەی کۆمەڵــگا و بزووتنەوەی کــوردی نەگۆڕاوە و ئێســتاکەش وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر سیاســەت و یەکپارچەییــی ئێــران لێیان دەڕوانــێ؛ هۆکاری ئەوەش ئاســتی بەرزی سیاســیبوون، توانایی لە وەجووڵە خستن و

پێکهێنانی کردەوەگەلی بەکۆمەڵ و گشتییە.

*. Allan Hassaniyan. “Non-Violent Resistance in Iranian Kurdistan After 1979.” In Journal of Ethnic and Cultural Studies 6 (2019): 98-110 http://dx.doi.org/10.29333/ejecs/266
Allan Hassaniyan, Postdoctoral Researcher at Center for Kurdish Studies, University of Exeter, UK.

## ژێدەرەکان

١. لە دەقی ئەسڵیدا نووسەر کورتکراوەی ئینگلیزیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هێناوە واتە PDKI، بەهۆی ناسراو بوونی کورتکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە (حدکا) لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا، ئێمەش هەر کورتکراوی باو واتە حدکامان بەکار هێناوە.

٢. شێخ عێزەددین حسەینی ڕێبەری ئایینیی بزووتنەوەی کوردی لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێران بوو و هەروەها سەرۆکی تیمی دانوسانکاری کورد لە کاتی دانووستان لەگەڵ حکومەتی کاتی بووە (Khosravi, Aghapouri, & Hamehmorad, 2016; Mofidi, 2016, pp. 30-31 )

٣. دەستەواژەی ژێردەست لە ڕێگەی ئانتۆنیۆ گرامشی، مارکسیستی ئیتالیاییەوە ناسێندراوە تا ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە پێناسە بکا کە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا جێگەیان لێ ئەستێندراوە و دەرهاویژراون، هەتاکوو حاشا لە دەنگی کۆمەڵایەتی-سیاسی و کەلتووریان بکرێ. دەستەواژەی ژێردەست و موتالعاتی ژێردەست (Subaltern studies) لە ڕێگەی بەرهەمی لێکۆڵەرانی ئاسیای باشوورەوە هاتووەتە نێو خەزێنەی وشەی پاش-کۆلۆنیالیزمەوە و بۆ ئەو گروپە مێژوونووسانەی کە بە ناوی لێکۆڵینەوەی ژێردەستەکان دایانمەزراندبوو هاتە ئاراوە (سەیری Beverley بکە).

٤. دەسەڵاتی کاتیی شۆڕش لە ئێران (١٩٨٠-١٩٧٩) یەکەم حکومەتی دوای شۆڕش لە ئێران بوو. ئەم حکومەتە لە ٤ی فێبریوێریی ١٩٧٩ بە دەستووری ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزرا و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شاپور بەختیار (دوایین سەرۆک وەزیرانی شا) ئیددیعای دەسەڵاتی هەبوو (Milani 1994, 143).

٥. کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەری نەتەوەییی کورد قازی محەممەد لە شاری مەهاباد دامەزرا.

٦. بەرگی ژمارە ٢٠ی سەرچاوەگەلێکی تایبەت بە کۆمەڵگای کورد و حیزبە سیاسییەکان کە لە لایەن بێهزاد خۆشحاڵییەوە کۆکراوەتەوە و لەم ماڵپەڕەدا لەبەردەستە: https://www.iran-archive.com/start/215

٧. گۆڤاری حەوتوویانەی تهران مصور کە لە تاران چاپ بووە، ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێک لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان ئاراستە دەکات. ئەم گۆڤارە زانیاریی پڕ لە وردەکاریی سەبارەت بە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی کورد و حکوومەتی ناوەندی لەو سەردەمەدا دەخاتە بەرچاو. سەرچاوەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنیکی ئارشیڤ کراون و لە لایەن زانکۆی مانچێستێرەوە لەبەردەستدان:
https://luna.manchester.ac.uk/luna/servlet/view/search?q=+musavvar&search=SUBMIT&QuickSearchA=QuickSearchA&sort=title%2CmediafileName%2Cidentifier&pgs=50&res=1&cic=Manchester~18~18

8. McAdam,
9. Tarrow
10. Tilly

١١. نەتەوەخوازیی تاراوگە

١٢. مێژووی پێکهاتنی کۆمەڵە باسێکی بەمشتومڕە. بە پێی گێڕانەوە تاکەکەسییەکان؛ کۆمەڵە پێش لە شۆڕشی ١٩٧٩ گرووپێکی نافەرمی بوو کە تەنیا وەکوو تەشکیلاتێک بوو و لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران و تەورێز لە ساڵانی ١٩٦٨ دا پێکهاتبوو (Mofid, 2016, p. 30) .

١٣. Municipality: مانای ئەم وشەیە لە زمانی گشتیی باوادا وەکوو سازمانی ”شهرداری“ بەکاری دەبەن؛ بەڵام لیرەدا مەبەست بەڕێوەبەرایەتیی شارەکانە وەکوو سیستەمێکی سیاسیی نوێ کە چیدیکە هێز بە شێوەیەکی کانگایی نامێنێتەوە، بەڵکوو حەولێکە بۆ بڵاو کردەنەوەی هێز لە بەشەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران. (وەرگێڕ).

١٤. مەکتەبی قورئان کۆنترین سازمانی ئیدیولۆژیک/ئایینیی سوونني مەزهەبە لە کوردستانی ئێران. لە دەیەی ١٩٦٠دا ئیسلامی سیاسی لە لایەن ئەحمەدی موفتیزادەوە پێشکەش کرا (Khosravi, et al, 2016, p. 59 ).

١٥. بە پێی وتەی موحسێنی؛ عەلی سەفدەری مەلایەکی شیعە بوو. ”لە لایان حکومەتەوە بۆ کونترۆڵی پادگانی سنە و هێزە سەربازییەکان نێردرابوو (2018, p. 225 ).

١٦. ڕەئووف کۆنەپۆشی (مامۆستا)، محەممەد دارسەید (کرێکار، چالاکی سیاسی و ئەندامی یەکێتیی کرێکارانی بێکاری مەریوان) و مەحموود باڵەکی (پێشمەرگەی یەکێتیی جووتیارانی مەریوان) نێوی ئەو سێ کەسەیە کە لە نارەزایەتییەکانی مەریوان لە ١٤ی جولای ١٩٧٩ لە مەریوان بە دەستی سپا کوژران و گیانیان لە دەست دا (Mostafa Sultani, 2006, pp. 363-364 ).

## سەرچاوەکان


Abrahamian, E. (1993). Khomeinism: Essays on the Islamic Republic. California, CA: University of California.
Aliyar, T. (2019). “Kurdistan’s oral history of left; An Interview of Mohammad Khaki with Tahir Aliyar” [in Kurdish]. Retrieved from http://m-khaki.com/video3.html
Amanat, A. (2017). Iran: A modern history. Connecticut, CT: Yale University Press.
Amjadi, S. (2011). A Review of the historic protest exodus of the people of Mariwan on

com/F-Album/tarix.y.d.abdol.g.pdf
James, K. (2019). The Stagnation, fall and rise of Singapore's Political Opposition, 1996-2013. American Journal of Qualitative Research, 3(1), 37-56. https://doi.org/10.29333/ajqr/5810
Hassaniyan, A. (2019a). The Kurdish peasant movement (1952–1953): A missing element of the Iranian Kurdish struggle. Asian Journal of Middle Eastern and Islamic Studies, 13(3), 387- 406.
Hassaniyan, A. (2019b). Cross-border Kurdish solidarity: An endangered aspect of Kurdishness. Kurdish Studies, 7(2), 135 – 160, DOI: https://doi.org/10.33182/ks.v7i2.484
Hisami, K. (1971). The martyrs of Iranian Kurdistan [in Kurdish]. Erbil, Iraq: Benkayi Peshewa.
IHRDC. (2011). Haunting memories: Executions of the Kurds by the Islamic Republic in Iran. Retrieved from http://www.iranhrdc.org/english/human-rights-documents/3507-1979-newspapers.html
Kaveh, S. (1996). Looking back in time: Recapture those memories of involvement with the KDPI [in Kurdish]. Stockholm, Sweden: Unspecified Publication.
Keddie, N. (2003). Modern Iran, roots and results of revolution. London, England: Yale University Press.
Khosravi, J., Aghapouri, H., & Hamehmorad, L. (2016). The Islamist Maktab-Quran in Iran and Its Challenges for Kurdish Nationalism. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 59-73.
Khoshhali, B. (2008a). Doctor Abdulrahman Ghassemlou and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_01.pdf
Khoshhali, B. (2008b). Kurdistan democratic party [of Iran] and the revolution [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_02.pdf
Khoshhali, B. (2008c). Sheikh Ezzedin Hosseini and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_04.pdf
Khoshhali, B. (2008d). Allame Ahmad Moftizadeh and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from its 33rd Anniversary [in Persian]. Retrieved from http://news.gooya.com/politics/archives/2011/07/125162.php
Ardelan, Y. (2015). "Interview with Yousef Ardelan on the events of the Bloody Newroz of Sanandaj" [in Kurdish]. Retrieved from https://www.youtube.com/watch?v=fVOLU08yUvM
Awad, E. M. (1984). Non-violent resistance: A strategy for the occupied territories. Journal of Palestine Studies, 13(4), 22-36.
BBC HardTalk (2015). "Interview with Sheikh Ezzedin Hosseini" [in Persian]. Retrieved from https://www.youtube.com/watch?v=_o1vu-3jhe5U
Beverley, J. (1999). Subalternity and representation: Arguments in cultural theory. Durham, England: Duke University Press.
Bhat, A. (2019). Islamic Philosophy of Education. Journal of Culture and Values in Education, 2(2), 73-76. Retrieved from https://culture-andvalues.org/index.php/JCV/article/view/20
Elling, R. (2013). Minorities in Iran: Nationalism and ethnicity after Khomeini. London, England: Palgrave MacMillan.
Entessar, N. (1984). The Kurds in post-revolutionary Iran and Iraq. Third World Quarterly, 6(4), 911-933.
Entessar, N. (2009). Kurdish politics in the Middle East. Maryland, MD: Lexington Books.
Entessar, N. (2014). Between a rock and a hard place: The Kurdish dilemma in Iran. In D. Romano & M. Gurses (Eds.), Conflict, democratization, and the Kurds in the Middle East Turkey, Iran, Iraq, and Syria (pp. 211-224). New York, NY: Palgrave Macmillan.
Entessar, N. (1992). Kurdish ethnonationalism. Colorado, CO: Lynne Rienner Publication.
Faltis, C. (2014). Toward a Race Radical Vision of Bilingual Education for Kurdish Users in Turkey: A Commentary. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 1(1), 1-5.
Gelawej, A. (1983). Kurdistan's land relation, collapse of the tribal system [in Persian]. Tehran, Iran: Rozbeh Publication.
Ghamari-Tabrizi, B. (2016). Foucault in Iran: Islamic revolution after the enlightenment. Minnesota, MN: University of Minnesota Press.
Golperiyan, A. (2014). History of an era: A review of the political activity in Kurdistan [in Persian]. Retrieved from http://www.azadi-b.

(With a focus on Komala Organization). Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 20-48.
Mohajer, N. (2014). The 18 August 1980 [in Persian]. Retrieved from https://www.radiozamaneh.com/92204
Mohséni, C. (2018). The instrumentalization of ethnic conflict by the state: The Azeri-Kurdish conflict in Iran. In G. Dorronsoro & O. Grojean (Eds.), Identity, conflict and politics in Turkey, Iran and Pakistan (pp. 217-232). London, England: Oxford University Press.
Moradbeigi, H. (2004). Living history: Kurdistan, the left and nationalism [in Persian]. Stockholm, Sweden: Nasim.
Mostafa Sultani, R. (2006). Kak Foad, leader, politician and a political thinker [in Persian]. Selimani, Iraq: Rojhelat Publication.
Mustafa Sultani, M., & Watandust, S. (2015). Kak Foad Mostafa Sultani; Who was he, what was his aim and how did he die? [in Persian]. Sulaimaniya, Iraq: Piramerd.
Nesrollabaegi, A. (2011). The bloody Newroz of Sanandaj [in Persian]. Retrieved from http://komalah.org/Farsi/index.php/didgah/4558.html
Nikraftar, K. (2017). Paweh's five days war [in Persian]. Retrieved from https://kiumarce.com/main/wp-content/uploads/2017/08/jangeh-paveh-v2-2-1.pdf
Phillips, L. D. (2019). The great betrayal: How America abandoned the Kurds and lost the Middle East. London, England: I.B. Tauris.
Randle, M. (1994). Civil resistance. California, CA: Fontana Press.
Roberts, A. (2009). Introduction. In A. Roberts & T. Garton (Eds.), Civil resistance and power politics: The experience of non-violent action from Gandhi to the present (pp. 1–24). Oxford, England: Oxford University Press.
Romano, D. (2006). The Kurdish nationalist movement: Opportunity, mobilization, and identity. Cambridge, England: Cambridge University Press.
Saheb, S. R. (2017). 19 August: The anniversary of the attack of the people of Kurdistan [in Kurdish]. Retrieved from http://www.komala.org/farsy/drejawtar.aspx?NusarID=4&Jmara=7
Seyedi, H. (2018). The bloody Newroz of Sanandaj [in Persian]. Retrieved from https://soundcloud.com/hemn-seyedi/5
hhbjqr4kpqc
https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_05.pdf
Khoshhali, B. (2008e). The provisional government and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_08.pdf
Khoshhali, B. (2008f). Qarne and the revolution [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_09.pdf
Khoshhali, B. (2008g). The Kurds of Centre [Tehran] and the revolution [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_17.pdf
Khoshhali, B. (2008h). Collection of essays [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_20.pdf
Khoshpeyam, A. (2019). "Kurdistan's oral history of left, An interview of Mohammad Khaki with Abudallah Khoshpeyam" [in Kurdish]. Retrieved from http://m-khaki.com/video3.html
Khosravi, J., Aghapouri, H., & Hamehmorad, L. (2016). The Islamist Maktab-Quran in Iran and its challenges for Kurdish nationalism. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 59-73.
Kolaqochi, F. (2015). The history of the city and neighbourhood councils in Sanandaj [in Persian]. Retrieved from http://azadi-b.com/F-Album/Fati_Kolaqochi.html
Kreyenbroek, P. & Sperl, S. (Eds.). (2010). The Kurds: A contemporary overview. London, England: Routledge.
Mahbobi, S. (2017). Me and the butcher of Kurdistan and his daughter Fatema Sadeqhi Kalkhali [in Persian]. Retrieved from https://rowzane.com/content/shiva/article=97950
McAdam, D., McCarthy, J., & Zald, M. (1996). Comparative perspectives on social movements: Political opportunities, mobilizing structures, and cultural framings. Cambridge, England: Cambridge University Press.
Milani, M. M. (1994). The making of Iran's Islamic revolution, From monarchy to Islamic republic. New York, NY: Westview Press.
Mofidi, S. (2016). The left movement and national question: From romanticism to realism